# دۆخی عێراق..
# خوێندنەوەیەکی فرەلایەن

**سەرۆک ترامپ پەیوەندیی بە عادل عەبدولمهدییەوە کرد و هەڕەشەی سەپاندنی سزای توندی لێ کرد، ئەگەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی سەر بە ئێران لە دەروازی باڵیۆزخانەکە نەکشێنەوە**

لە ئێران، قاسم سولەیمانی بە پیاوی ژمارە (٣) و لە عێراق و سووریا و لوبنان و یەمەنیش بە پیاوی ژمارە (١) دادەنرا.

ئەو پیاوە پڕۆژەی سەرەکیی داهاتووی ئێران و ئەندازیاری ستراتیژییەتی فراوانخوازی و هەیمەنەی ئێرانی لە تەواوی ناوچەکە و فەرماندەی کردەیی هەناردەکردنی شۆڕش و پلاندانەر و سەرپەرشتیاری سیاسەتی دەستێوەردان لە کاروباری ناوچەکە بوو، لە سەنعاوە تا بەیروت و بەغدا و دیمەشق.

بۆیە پاش کوژرانی وا چاوەڕوان دەکرا کە شەڕێك لە نێوان ئەمریکا و ئێران لە عێراق و ناوچەکە روو بدات، بەتایبەتی کوژرانەکەی پاش بۆردومانە ئەمریکییەکە هات بۆ سەر بنکەکانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کە بووە هۆی کوژرانی ٢٩ کەس و برینداربوونی زیاتر لە ٥٠ چەکدار، کە لە نێوانیاندا کۆمەڵێ شارەزای سەربازیی ئێرانی هەبوون، ئەویش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ کوژرانی ئەمریکیەکی بە ئەسڵ عێراقی بوو لەگەڵ برینداربوونی سێ سەرباز.

هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لەلایەن میلیشیاکانی حەشدی شەعبییەوە هەڵەیەکی گەورە بوو، نە ئێران و نە میلیشیاکانی سەر بەو وڵاتە هەڕەشەکانی ئەمریکایان خورد نەکردەوە، کاتێ گوتیان رێ بە دووبارەبوونەی کارەساتی ساڵی ١٩٧٩ و ٢٠١٢ نادەن.

سەرۆك ترامپ پەیوەندیی بە عادل عەبدولمهدییەوە کرد و هەڕەشەی سەپاندنی سزای توندی لێ کرد، ئەگەر میلیشیاکانی حەشدی شەعبیی سەر بە ئێران لە دەروازی باڵیۆزخانەکە نەکشێنەوە، هەندێکیان کشانەوە و هەندێکی دیکەش خەریکی ئاگربەردان بوون، ئەو کاتەش ئەمریکا وێنەی ئەو سەرکردانەی دەگرت کە لە هێرشەکەدا بەشداربوون، لە رۆژی ٣ی کانوونی دووەم فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکی فەرماندەی فەیلەقی قودس (قاسم



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

سولەیمانی)ی لەگەڵ ژمارەیەك لە گەورە بەرپرسانی عێراقی و ئێرانی كوشت.

لە رۆژی ٨ی كانوونی دووەم، وەك تۆڵەسەندنەوەیەك ئێران چەند رۆكێتێكی بالیستیكی ئاراستە بنكەی ئەمریكی لە عەینولئەسەد و حەریر لەژێر ناوی تۆڵەی (سولەیمانی) كرد.

هۆیەكانی راگەیاندنی ئەو وڵاتە وایان بڵاوكردەوە كە لە بۆردومانەكەدا ٨٠ ئەمریكی كوژراون، بەڵام ترامپ بە شێوەیەكی زۆر ساكار راگەیاند كە هیچ سەربازێكی ئەمریكی زیانی پێ نەگەیشتووە.

هەر چەندە خامەنەئی رایگەیاند كە شەقێكی بەهێزیان لە ئەمریكا وەشاند، بەڵام لێدوانی بەرپرسانی دیكەی ئێرانی جیازواز بوو، گوتیان ئەمە دەرزییەك بوو بۆ تەنفیس، كە لە كۆتاییدا ئەو هەموو قسەیان تەنیا بۆ ئیستیهلاكی ناوخۆ بوو، دوای كەمتر لە كاژێرێكیش وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند كە بەم بۆردومانە وەڵامی ئێران تەواو بووە و مەبەستیان بەرپاكردنی شەڕ نییە.

میلیشیاكانی حەشدی شەعبی بڵاویان كردەوە كە رۆڵی وەڵامدانەوەی ئێران تەواو و ئێستاش رۆڵی ئەوانە.

راستە پاش ئەوەی میلیشیاكان دوو رۆكێتیان ئاراستەی باڵیۆزخانە و حەوت رۆكێتیان ئاراستەی بنكەی بەلەد لە پارێزگای سەڵاحەدین كرد، بەڵام هەر زوو ئێرانییەكان لەگەڵ فەرماندەی ئەو میلیشیایانە كۆبوونەوە و پێیان گوتن لەمەودوا نابێ بە هیچ شێوەیەك بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا بكرێنە ئامانج و موقتەدا سەدریش پاش تویتە حەیابەرەكەی، تویتێكی دیكەی بڵاوكردەوە و گوتی: «تەنگژەكە كۆتایی هات» و داوای لە میلیشیاكانیشی كرد، هێرشەكانیان دژ بە ئەمریكا رابگرن.

فەرمانی ترامپ بە كوشتنی سولەیمانی بڕیارێكی قورس بوو، بە رای من لە بڕیاری

**رووسیا كەیفی بە سولەیمانی نەدەهات، راستە ئەو كابرایە پێی رووسیای كێشایە ناو سووریا، بەڵام رووسیا هەمیشە بە رێگری دادەنا لە بەردەم ویستەكانی**

کوشتنی سەرکردەی داعش قورستر بوو.

قاسم سولەیمانی ژەنەراڵی ئیختراق و کودەتاکان بوو لەسەر ئەو هاوسەنگییانەی کە بوونیان هەبوو، وەك لە لوبنان پاش کوژرانی رەفیق حەریری و شەڕی حزبوڵا دژ بە ئیسرائیل و نەهێشتنی دروستبوونی حکومەتێکی لوبنانی سەقامگیر کە دۆستی رۆژئاوا بێ، هەروا سەبارەت بە عێراقی پاش سەددام حوسێن و ئیستیغلالکردنی هەلی دەرکەوتنی داعش و فەتوای سەید سیستانی دەربارەی جیهادی کفائی و قۆستنەوەی ئەو فەتوایە بۆ بەرژەوەندیی ئێران و پڕچەککردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی و کردنیان بە هێزێکی فەرمی، بەناوی سەر بە عێراق و لە ژێرەوەش سەر بە ئێران و ویلایەتی فەقیە.

ئەوەی لە بەرامبەر «فەرماندەی سۆفی» کرا، واتە سولەیمانی، کە ئەمەش ناسناوێکە و لەلایەن خامەنەئی پێی درا، کە سیفەتێکە لە سەدەی شانزەهەمدا دەدرا بە پادشاکانی دەوڵەتی سەفەوی، شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، چونکە ئەو فەرماندەیە لە رێساکانی پێکدادانی نێوان ئەمریکا و ئێران دەرچوو بوو. پێشتریش چەند جار بڕیاری کوشتنی درا، بەڵام خودی ئەمریکا نەیدەهێشت!!

بۆ نموونە هەواڵگریی بەریتانیا لە ٢٠٠٧ ویستی بیکوژێ، بەڵام وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی بەریتانیا بە راوێژکردن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا نەیهێشت.

لە ساڵی ٢٠٠٨یش ئیسرائیل ویستی بە هەمان کار هەستێ، بەڵام ئەمجارەش ئەمریکا نەیهێشت!!

پرسیار ئەوەیە: بۆ ئەمجارە ئەمریکا بڕیاری کوشتنی سولەیمانی دا و کێیش زانیاریی وردی دایە ئەو وڵاتە دەربارەی جووڵەی سولەیمانی لە دیمەشقەوە بۆ بەغدا؟ ئایا رووسەکان بوون، یان ئیختراقێکی ناو هەواڵگریی لوبنان و سووریا و عێراق بوو؟

بەر لە کوژرانی، قاسم سولەیمانی لە لوبنان بوو، لەگەڵ حەسەن نەسروڵا دانیشتبوو، پاشان سەردانی سووریای کرد و لەگەڵ میلیشیاکانی ئەوێ دانیشتبوو، لە رێی لوبنانەوەش هاتە عێراق.

بڕیار بوو لە بەغدا لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کۆببێتەوە و بڕیاری داگیرکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکایان پێ بدات. ئەمریکا بە پلانەکەی سولەیمانی زانی و ئیتر بڕیاری کوشتنی دا. باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا مێژوویەکیان لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا هەیە.

لە ساڵی ١٩٧٩ قوتابیانی ئێرانی باڵیۆزخانەی ئەمریکایان لە تاران داگیرکرد و ژمارەیەك دیپلۆماتکاریان دەست بەسەر کرد، کە ئەمەش بووە هۆی سەرنەکەوتنی جیمی کارتەرە لە هەڵبژاردندا. هەروا هێرشەکەی سەر کونسوڵخانەی ئەمریکا لە بنغازی کە بە کوژرانی باڵیۆز کۆتایی هات و پاشان بووە هۆی سەرنەکەوتنی هیلاری کلینتۆن لە هەڵبژاردندا.

بۆیە لەبەرامبەر هێرشەکەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا و دواتر هاتنی سولەیمانی و بڕیاردان بە داگیرکردنی باڵیۆزخانەکە، دەبوایە سەرۆك ترامپ کارێکی گەورە بکات، چونکە ئەنجامدانی کارێکی وا پەیوەندی بە هەیبەتی ئەمریکا و دامەزراوە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانیەوە هەبوو، ئەمە بێجگە لەوەی پەیوەندیی بە وێنەی خودی سەرۆك ترامپەوە هەبوو، بەتایبەتی کە رێگەی هەڵبژاردنی لە پێشە.

دەگەڕێمەوە سەر پرسیارەکەم و دەڵێم: ئەم کارە ئەگەر بە هەماهەنگی و ئاگاداریی رووسەکانیش نەبووبێ، ئەوە زۆر بە دڵیان بووە.

رووسیا کەیفی بە سولەیمانی نەدەهات، راستە ئەو کابرایە پێی رووسیای کێشایە ناو سووریا، بەڵام رووسیا هەمیشە بە رێگری دادەنا لە بەردەم ویستەکانی، دەکرێ ئەو هەمانگییەی بۆ چاکە دانەوە بووبێ بەرامبەر بە دیارییەکی ترامپ بۆ پۆتین بەر لە چەند هەفتەیەك، کاتێ لەو کارە تیرۆریستییە ئاگاداری کردەوە کە بڕیار بوو لە رووسیا ئەنجام بدرێ و بووە هۆی کۆتاییهێنان بە کردەکە.

ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە کوشتنی سولەیمانی بنمیچێکی نێودەوڵەتیی هەبوو،

**کوشتنی سولەیمانی بنمیچێکی نێودەوڵەتیی هەبوو، ئیختراقێکی هەواڵگری لە ئاستێکی زۆر بەرزدا، بەتایبەتی لە بازنەی تەسکی نزیک لە سولەیمانی کە دەستی هەندێ لایەنی ئێرانییشی تێدابوو**

**پۆتین لەو سەردانەیدا ئەسەدی ئاگادار کردەوە کە نابێ بەهیچ شێوەیەک لە رۆژهەڵاتی سووریا بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بچێتە ژێر چەتری ئێران دژ بە ئەمریکا**

ئیختراقێکی هەواڵگری لە ئاستێکی زۆر بەرزدا، بەتایبەتی لە بازنەی تەسکی نزیک لە سولەیمانی کە دەستی هەندێ لایەنی ئێرانییشی تێدابوو!!

کچەکەی سولەیمانی ئەمەی باش دەزانی، بۆیە داوای لە نەسروڵا کرد، نەک خامەنەئی و رۆحانی کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە.

من کاتێ ئاماژە بە رووسەکان دەکەم، ئەوە لەبیر خۆم نابەمەوە، کاتێ پۆتین لە دواسەردانیدا بۆ سووریا ویستی لە بنکەی لازقییە چاوی بە بەشار ئەسەد بکەوێ، بەڵام پاش کوژرانی سولەیمانی بڕیارەکەی گۆڕی و سەردانی دیمەشقی پایتەختی کرد و پیاسەیەکی چڕی تێدا ئەنجام دا.

بەم بڕیارە رووسیا ویستی پەیامێك ئاراستەی چەند لایەنێك بکات کە سووریا لەمەودوا تەنیا لەژێر کۆنترۆڵی رووسیا دەبێ، ئەمە لەگەڵ پاشەکشەی دەسەڵاتی ئێران بە کوژرانی سولەیمانی.

ئێران ئەم پەیامەی پۆتینی بە وردی خوێندەوە و ئەندامێکی پەرلمانی ئێران گوتی: (کێ کردی و کێ خواردی، رووسیا بوو بە پیاوی یەکەمی سووریا).

پۆتین لەو سەردانەیدا ئاگاداری ئەسەدی کرد کە نابێ بەهیچ شێوەیەك لە رۆژهەڵاتی سووریا بە مەبەستی تۆڵەسەندنەوە بچێتە ژێر چەتری ئێران دژ بە ئەمریکا، پێویستە رێز لە لێکتێگەیشتنەکانی رووسیا و ئەمریکا بگرێ کە لە ٢٠١٧ ئەنجام دراوە و تیایدا هەردوولا رێککەوتن رۆژهەڵاتی فورات بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بێت و رۆژئاوای فوراتیش بۆ رووسیا و هاوپەیمانەکانی.

سەبارەت بە کوژرانی سولەیمانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی رووسیا یەکەم سوودمەند بوو، تورکیاش زەرەرمەند. بە کوژرانی سولەیمانی تورکیا هەندێ لە دەستکەوتەکانی لە سووریا لەدەست دەدات، چونکە بە بوونی سولەیمانی تورکیا لە ئارامیدا بوو بەرامبەر ئەو میلیشیانەی کە سولەیمانی سەرپەرشتی دەکردن و سوودمەندیش بوو لە لێدانی ناحەزەکانی، بۆیە کاتێ کوژرا کاردانەوەکەی بە شێوەیەك بوو کە گوزارشت لە هاوپەیمانییە نادیارەکەی لەگەڵ قاسم سولەیمانی دەکرد. تورکیا دەنگە دیپلۆماسییە بەرزەکەی هەڵوێستی ئێران بوو بەرامبەر بە ئەمریکا.

میلیشیاکانی عێراق و هەروا حوسییەکان و حزبوڵای لوبنانی بە کوژرانی ئەو پیاوە پاڵپشتێکی بەهێزیان دۆڕاند. ئەو میلیشیایانە لە ئێرانییەکان ئێرانیتر دەرچوون و شەڕی ئەمریکا و دەرکردنیان لە عێراق خستە ئەستۆ، بە بێ ئەوەی هیچ حیسابێك بۆ بەرژەوەندیی وڵاتەکەیان بکەن.

لە (غاندی)یان پرسی: ئەو مرۆیە کێیە کە شەرەفی خۆی لە دەست دەدات؟ لە وەڵامدا گوتی: ئەوەی لە خێروبێری وڵاتەکەی دەخوات و وەلائی بۆ وڵاتێکی دیکە هەیە. میلیشیاکانی عێراق ویستیان بە دەرخستنی ئەمریکییەکان دەست بەسەر گۆڕەپانی عێراقدا بگرن و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن و ئینجا بە کەیفی خۆیان بکەونە گیانی پێکهاتەکانی دیکە، وەك کورد و سوننە کە لە کاتی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەگەڵیان نەبوون.

گەلی کوردستان نابێ قەت ئەوە لە بیر خۆیان ببەنەوە کە چۆن ئەو میلیشیایانە لە کاتی راپرسیدا هێرشیان کردە سەر کەرکووك و چۆنیش ویستیان بەرە و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بێن و ئێرانیش وەکو دەوڵەت پشتگیری لێ کردن و خودی سولەیمانی سەرپەرشتیی شەڕەکانیانی دەکرد دژ بە پێشمەرگەی کوردستان، هەر ئەو وڵاتەش بوو سنووری لە بەردەم هەرێم داخست و هەندێ لەو میلیشیایانەی بردە ناو سنووری ئێران تا لەوێوە پەلاماری هەرێم بدەن.

من کە ئەوە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە هەرێم لەو ململانێیەی نێوان ئەمریکا و ئێران خۆی بکاتە لایەن، بەڵکو دەمەوێ هەرێم حیسابێکی ورد بۆ داهاتوو بکات و مەترسییەکانی دەرخستنی هێزەکانی ئەمریکا بخاتە بەرچاو، پێشم وایە هەر کەس و لایەنێك بیەوێ عێراق سەقامگیر بێت، پێویستە بەر لە هەموو شتێك میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوە کە بە رای من بە پلە یەك ئەمە ئەرکی مەرجەعی باڵای شیعەکانە لە نەجەف.

بە بوونی سولەیمانی تورکیا لە ئارامیدا بوو بەرامبەر ئەو میلیشیانەی کە سولەیمانی سەرپەرشتی دەکردن و سوودمەندیش بوو لە لێدانی ناحەزەکانی، بۆیە کاتێ کوژرا کاردانەوەکەی بە شێوەیەک بوو کە گوزارشت لە هاوپەیمانییە نادیارەکەی لەگەڵ قاسم سولەیمانی دەکرد

میلیشیاکانی عێراق ویستیان بە دەرخستنی ئەمریکییەکان دەست بەسەر گۆڕەپانی عێراقدا بگرن و کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن و ئینجا بە کەیفی خۆیان بکەونە گیانی پێکهاتەکانی دیکە، وەک کورد و سوننە کە لە کاتی دەنگدانی ئەنجومەنی نوێنەراندا لەگەڵیان نەبوون



# ریفۆرم لە دەوڵەتداریدا

# شێوازێکی دیکەی هەڵسووڕانی دامەزراوەکان بۆ پیادەکردنی حوکمڕانیی باش



**پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە دەستپێکی وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ لە پرۆسەی دەوڵەتداری هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

**چیدیکە مرۆڤایەتی بە پشتبەستن بە شێوازی بیرکردنەوەی لاهوتی و کەنیسە، پێداگری لەسەر یەک شێوازی بیرکردنەوە بۆ دەوڵەتداری ناکات و، چیدیکە حوکمڕانی وەک پرۆسەیەکی پیرۆزی خواوەندی سەیر ناکات، کە هیچ ریفۆرمێکی تێدا نەکرێت**

**وێڕای ئەوەی یاسای رۆمانی لە زۆر بواردا سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکات، لەبەر ئەوەی بە یاسا رێگەی بە کۆیلایەتی داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسایەکی جێگر و نەگۆڕ نییە، ئەوا بە بناخەی یاسا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت**

**ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە بری بەرهەمهێنانی دیموکراسیەتی ساغڵەم، دیموکراتییەکی نەخۆش بەرهەم بهێنێت، ئەوا دەبێت ریفۆرم لە رێوشوێنەکانی سیستمی دیموکراتی بکرێت و، پرۆسەی هەڵبژاردن نەکرێتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی سیستمی (لیبراڵ دیموکراتی)**

پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی لە (مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازات و مووچەی خانەنشینیی فەرمانبەرانی کوردستان) لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، بە دەستپێکی وەرچەرخانێکی گەورە و گرنگ لە پرۆسەی دەوڵەتداری هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئەمەش بەو مانایەی ئەم پرۆژەیە ریفۆرمێکە لەو پرۆسەیەدا کە لەمەودا بە شێوازێکی دیکە مامەڵە لەگەڵ کۆی جومگەکانی دەوڵەتداری لە ناوی پرۆسەی حوکمڕانیدا دەکرێت، ئەم شێوازە تازەیەش خستنە سەر سکەی هەڵسووڕانی دامەزراوە دەوڵەتییەکان دەبێت بۆ پیادەکردنی حوکمڕانیی باش.

بایەخی ئەم پرۆژە یاسایە (یاسای چاکسازی لە مووچە و خانەنشینی) هەر ئەوەندە نییە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ خواستی خەڵك و بەدیهێنانی دادپەروەری بەوەی مووچەی پلە باڵاکان کەم بکرێتەوە و شێوازێك لە ویژدانپەروەری لەنێوان مووچە جیاوازەکان بێتەئاراوە، یان بایەخەکەی تەنیا ئەوەندە نییە کە برێك داهاتی زیاتر بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەڵکو بایەخی ئەم پرۆژە یاسایە دەستپێکی وەرچەرخانێکی گەورەیە لە هەیکەلەی شێوازی دەوڵەتداری و، پرۆسەکە تەنیا بە دەرکردنی ئەم یاسایە کۆتایی نایەت و، هەنگاوەکانی داهاتوو دامەزراوە دەوڵەتییەکان (سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری) هەموو پێکەوە بە هەیکەلەیەکی تازە پرۆسەی دەوڵەتداری لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوازێکی جیاواز ئاراستە دەکەن.

لە مێژووی ئەزموونی دەوڵەتداری لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخەوە، مرۆڤایەتی سێ شێوازی جیاوازی دەوڵەتداری بەرهەمهێناوە کە بریتین لە: شێوازەکانی دەوڵەتداریی (رەها، مەدەنی، خۆشگوزەران)، ئەم سێ شێوازە لەگەڵ ئەوەی بە کەڵەکەبوونی ئەزموونی دەوڵەتداری مرۆڤ هەنگاوی بەرەو پێشەوە هەڵگرتووە و شێوە و ئاراستەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام هەر شێوازێکیشیان لە چوارچێوەی قۆناخە مێژووییەکەی خۆیدا، تایبەتمەندی و جیاکاریی خۆی هەبووە و، شێوازی جیاوازی پرۆسەی دەوڵەتدارییەکان رەنگدانەوەی قۆناخە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بووە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخەوە.

هەر بۆیە کە دەگەڕێینەوە ناو ئەم مێژووە، دابڕانێکی گەورە لەنێوان دەوڵەتداری بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی خواوەند و حوکمڕانی بە پشتبەستن بە ئەقڵی مرۆڤ دروست دەبێت، ئەم دابڕانەش کە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەورووپا هاتەئاراوە، مانای ئەوەیە چیدیکە مرۆڤایەتی بە پشتبەستن بە شێوازی بیرکردنەوەی لاهوتی و کەنیسە، پێداگری لەسەر یەك شێوازی بیرکردنەوە بۆ دەوڵەتداری ناکات و، چیدیکە حوکمڕانی وەك پرۆسەیەکی پیرۆزی خواوەندی سەیر ناکات، کە هیچ ریفۆرمێکی تێدا نەکرێت، یان هەیکەلەی دەوڵەتداری دەستکاری نەکرێت، ئەم بیرکردنەوەیە تازەیە لای تۆماس هۆبز بووە کە بگەڕێتەوە بۆ شێوازی دەوڵەتداریی دەوڵەتی لە ئیمپراتۆریەتی (بێزەنتی)، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە شێوازی دەوڵەتداری لە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی لەو کاتەوەی لە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی جیابووە و قوستەنتەنییەی کرد بە پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکەی، لەسەر بنەمای یاسای (دانراوی) دەستی مرۆڤ بوو، نەك پشتبەدەستن بە دەقە لاهوتییەکان و، ئەوجا لێرەدا پرسەکە ئەوە نییە ئایا یاساکانی دەوڵەتی بێزەنتی کە بە (یاسای رۆمانی) ناو دەبرێن یاسای باشن، یان خراپن، یان یاساکانی رۆمانی لە یاساکانی پشتبەستوو بە دەقە لاهوتییەکان، باشترن یان خراپترن؟ بەڵکو پرسەکە ئەوەیە ئەو یاسایانەی مرۆڤ دایاندەڕێژێت، قابیلی ریفۆرم و دەستکاریکردنن، بۆیە وێڕای ئەوەی یاسای رۆمانی لە زۆر بواردا سووکایەتی بە کەرامەتی مرۆڤایەتی دەکات، لەبەر ئەوەی بە یاسا رێگەی بە کۆیلایەتی داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی یاسایەکی جێگر و نەگۆڕ نییە، ئەوا بە بناخەی یاسا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت، هەر ئەمەش هانی فەرید زەکەریای داوە لە پێشەکیی کتێبی (ئایندەی ئازادی ) بنووسێت: «لەگەڵ جوولەی قوستەنتەنین لە رۆماوە بۆ قوستەنتەنییە هەموو شێك گۆڕاو مرۆڤایەتی پێی نایە قۆناخێکی دیکە..»،

فەرید زەکەریا لە ئاماژەکردنی بۆ ئەم جوولەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، ئەگەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە بری بەرهەمهێنانی دیموکراسیەتی ساغڵەم، دیموکراتییەکی نەخۆش بەرهەم بهێنێت، ئەوا دەبێت ریفۆرم لە ڕێوشوێنەکانی سیستەمی دیموکراتی بکرێت و، پرۆسەی هەڵبژاردن نەکرێتە پێوەرێکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمی (لیبراڵ دیموکراتی).

ئەم چەند دێڕە پێویست بوو بۆ ئەوەی لەمانا و مەغزای چەمکی (ریفۆرم) لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا تێ بگەین و لە چەمکی (چاکسازی) جیابکەینەوە و، ئەو راستییەمان بۆ دەربکەوێت کە پرۆسەی (چاکسازی ) لەناو پرۆسەیەکی گەورەتردا بەرجەستە دەبێت، کە ئەویش پرۆسەی (ریفۆرمە لە شێوازی دەوڵەتداریدا)، ئەوجا ئەگەر لەم چوارچێوەیەدا بگەڕێینەوە بۆ مێژوو و ئەزموونی مرۆڤایەتی لە کۆتاییهاتنی شەڕی ئایینی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا، دەبینین سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە فیکرێکی جیاواز لە بیرکردنەوە و فیکری لاهوتی دەست پێ دەکات، هاتنە دەرەوەش لە بیرکردنەوەی جێگر و نەگۆڕی لاهوتییەت و چوونە فیکر و ئەقڵی مرۆڤەوە کە بە ئاسانی ریفۆرم قبوول دەکات و، شێوازی بیرکردنەوەشی بەپێی پێویستی و وەرچەرخانەکانی کۆمەڵگە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەوا لە ماوەی ئەزموونی نزیکەی دوو سەدەی ئەقڵی مرۆڤدا، شێوازی دەوڵەتداری لە شێوازی (دەوڵەتی رەها)وە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بۆ (دەوڵەتی خۆشگوزەران).

ئەوجا لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە سەر ئەو ریفۆرمەی لە هەیکەلەی دەوڵەتداری لە پرۆسەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لەناو ئەم پرۆسەی دەوڵەتدارییەی هەرێمی کوردستاندا بیرکردنەوەیەکی تازە بۆ ئاراستەی دەوڵەتداری لە کوردستان هاتۆتەئاراوە و، راستە ئەم بیرکردنەوە تازەیە رەنگدانەوەی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و، بیرکردنەوە تازەکە ئەو بەرنامەیەی دارشتووە کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە کاتی متمانە پێدانی کابینەکەی لە ناو پەرلەمان رایگەیاندن، بەڵام ئەم بیرکردنەوە تازەیە کۆی پرۆسەی دەوڵەتداری دەگرێتەوە و، جیا لەوەی لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمانەوە پشتیوانی لێ دەکرێت، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستێکی زۆر فراوان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە پشتگیری دەکرێت، دروستبوونی ئەم تۆڕی پشتگیرییەی خەڵك و کۆی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لەو ریفۆرمەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە دامەزراوەکانی حکومەتدا بیهێنێتەئاراوە، میکانیزمێکی تازە لە پرۆسەی دروستکردنی بریار لەناو هەموو جومگەکانی حکومەت دێنێتە ئاراوە، ئەمەش ئەو میکانیزمەیە کە نەتەوە سەرکەوتووەکان لە پرۆسەی حوکمڕانیی باشدا گەلەکانی خۆیانیان پێ خۆشگوزەران کردووە.

## ● کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرەتای وەرچەرخانی بیرکردنەوەیەکی تازە لە حوکمڕانیدا

حکومەت وەك لایەنی سەرەکی و جێبەجێکار لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا، بەرنامەکەی بەرهەمی فیکرێکی لۆکاڵی هەڵقوڵاوی ناو خواست و داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵکە، لەم چوارچێوەیەدا مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، لە دەستپێکی راگەیاندنی بەرنامەی کابینەکەیدا راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە «خواست و داواکاریی خەڵکی کوردستان بنبڕکردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە و کاری سەرەکیی خۆیشم بنبڕکردنی گەندەڵییە»، ئەگەر سەرنج لەم رستەیە بدەین کە ناوەڕۆکی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەوا راشکاوانە دەگەینە ئەو راستییەی کە بەرنامەی ئەم حکومەتەش وەك تەواوی پرۆسەی دەوڵەتداریی نەتەوە سەرکەوتووەکان بەرهەمی ئەو فیکرە لۆکاڵییە کە هەڵقوڵاوی خواست و داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵکی کوردستانە و، هەوڵەکانیش بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵك، پێویستیان بە چوارچێوەیەکی فیکریی تازە هەیە، بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بەو شێوەیە هەڵبسووڕێن

**پرۆسەی (چاکسازی ) لەناو پرۆسەیەکی گەورەتردا بەرجەستە دەبێت، کە ئەویش پرۆسەی (ریفۆرمە لە شێوازی دەوڵەتداریدا)**

**لە ماوەی ئەزموونی نزیکەی دوو سەدەی ئەقڵی مرۆڤدا، شێوازی دەوڵەتداری لە شێوازی (دەوڵەتی رەها)وە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە بۆ (دەوڵەتی خۆشگوزەران)**

**دروستبوونی ئەم تۆڕی پشتگیرییەی خەڵک و کۆی دامەزراوە دەوڵەتییەکان لەو ریفۆرمەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە دامەزراوەکانی حکومەتدا بیهێنێتەئاراوە، میکانیزمێکی تازە لە پرۆسەی دروستکردنی بریار لەناو هەموو جومگەکانی حکومەت دێنێتە ئاراوە**

**حکومەت وەک لایەنی سەرەکی و جێبەجێکار لە پرۆسەی دەوڵەتداریدا، بەرنامەکەی بەرهەمی فیکرێکی لۆکاڵی هەڵقوڵاوی ناو خواست و داواکاری و پێداویستییەکانی خەڵکە**



**مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، لە دەستپێکی ڕاگەیاندنی بەرنامەی کابینەکەیدا ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە «خواست و داواکاری خەڵکی کوردستان بنبڕکردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازییە و کاری سەرەکیی خۆیشم بنبڕکردنی گەندەڵییە»**

**حکومەتی بەهێز بەرەنجامی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەیە کە لە بیرکردنەوەی خەڵکەکەی سەرچاوەی گرتووە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە پەیوەستە بە ئاستی لێهاتوویی سەرۆکی ئەو حکومەتەوە کە چوارچێوەیەکی فیکریی تازە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەدۆزێتەوە**

کە ئەو ئامانجانە بهێنێتەدی.

ئەزموونی نەتەوە سەرکەوتووەکان لە بونیادنانی حکومەتی بەهێزدا، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە حکومەتی بەهێز بەرەنجامی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەیە کە لە بیرکردنەوەی خەڵکەکەی سەرچاوەی گرتووە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە پەیوەستە بە ئاستی لێهاتوویی سەرۆکی ئەو حکومەتەوە کە چوارچێوەیەکی فیکریی تازە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی دەدۆزێتەوە، دروست وەك یاریزانێکی لێهاتووی شەترەنج کە بە داهێنانی جووڵەی و دروستکردنی لینکی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان کارەکتەرەکانی ناو شەترەنجەکە، ئاراستەی گەمە بەرەو بردنەوە دەبات.

بەراوردکردنی سەرۆك وەزیرانێکی بەهێز بە یاریزانێکی لێهاتووی شەترەنج، لەو روانگەیەوەیە، چۆن کارەکتەرەکانی ناو شەترەنجەکە سنووردارن و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، بەڵام بیرکردنەوەی تازە جووڵەی تازە بۆ کارەکتەرەکان دێنێتە ئاراوە و ئاراستەیەکی جیاواز لە گەمەی شەترەنجەکە دروست دەکات، لە پرۆسەی حکومەت و حوکمڕانییشدا، کارەکتەر و توخمەکانی بەردەستی سەرۆك وەزیران بۆ گۆڕینی ئاراستەی حوکمڕانی سنووردارن و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، هەر بۆ نموونە سەرچاوە سەرەکییەکانی داهاتی دەوڵەت لەهەر وڵاتێکدا، چەند سەرچاوەیەکی دیاریکراون و گۆڕانکاری بەسەر سەرچاوە سەرەکییەکاندا نایەت، بەڵام بیرکردنەوەی تازە بۆ شێوازی مامەڵەکردن و دروستکردنی هەماهەنگی و لینکی پەیوەندی لە نێوان ئەو سەرچاوە سەرەکییانە دەبێتە هۆکاری ئەوەی لەو سەرچاوە سەرەکییانەوە، دەیان سەرچاوەی لاوەکیی دیکە بۆ داهاتی دەوڵەت دروست بێت و، ئیمکانیەتێك لەبەردەستی حکومەتە دروست دەبێت، کە جووڵەکانی وەك حکومەتێکی ئەکتیڤ دەربکەوێت.

لەم روانگەیەوە ئەگەر سەیری ئەدا و هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکان لە ماوەی ئەم چەند مانگەی دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا جیا لەوەی هەتا ئێستا تەنیا گۆڕانکارییەکی رووکەش لە ئەنجومەنی وەزیراندا کراوە و هەیکەلەی دەوڵەتیی دامەزراوەکانی هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بەڵام سکێچی ئەو بیرکردنەوە نوێیە بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاراستەی جووڵەی حکومەتی پێ دەکات، ئەم ئاراستەیە زەمینەیەکی لەباری ئەوتۆی دروست کردووە کە ئومێدێك لای خەڵکی کوردستان دروست بێت و تۆڕێکی پەیوەندی و پشتگیری لە نێوان حکومەت و خەڵکدا چەکەرە بکات و رۆژ لە دوای رۆژیش ئەم پەیوەندی و پشتگیرییەی خەڵك بۆ حکومەت زیاتر گەشە دەکات.

هەنگاوەکانی داهاتووی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو تازەکردنەوەی هەیکەلەی حکومەت دەچێت، بەڵام ئەم تازەکردنەوەیەش تەنیا بەمانای ئەوە نییە کە چەند بەڕێوەبەرێك و بەڕێوەبەرێکی



گشتی و چەند راوێژكارێك دەگۆڕێت بە چەند دەموچاوێكی تازە، بەڵكو تازەكردنەوەی هەیكەلەی حكومەت بەو مانایەی چۆن ئەم حكومەتە لە چوارچێوەی بیركردنەوەیەكی نوێدا كارەكانی هەڵدەسووڕێنێت. ئەوانەی پسپۆڕن لە بواری هەڵسووڕاندنی دامەزراوەكانی حكومەت، جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە، ئەوە گرنگ نییە تۆ چۆن دامەزراوە بونیاد دەنێیت، بەڵكو ئەوە گرنگە ئەو دامەزراوانە چۆن كاردەكەن و چۆن دینامیكیەتی جووڵەی دامەزراوەكان ئەكتیڤ دەكرێت، لەم لایەنە و سەبارەت بە دامەزراوە دەوڵەتییەكانی هەرێمی كوردستان، دیارە وەك دامەزراوە، هەرێمی كوردستان خاوەنی هەیكەلێكی دامەزراوەیی دەوڵەتییە، بۆیە لەوانەیە كابینەی نۆیەمی حكومەتی كوردستان لە هەندێك بواری زۆر كەمدا نەبێت، پێویستی بە بونیادنانی دامەزراوەی دیكە نەبێت، هەر بۆیە كاری سەرەكیی ئەم كابینەیە ئەكتیڤكردنی ئەداو جووڵەی ئەو دامەزراوانەیە كە پێشتر بوونیان هەبووە.

بە ئەكتیڤكردنی ئەدای دامەزراوەكان و هەڵسووڕاندیان بە شێوازێكی تازە، خودی دامەزراوەكان زەمینەیەك دروست دەكەن كە ژینگەی هاندانی گەندەڵی بگۆڕێت بۆ ژینگەی هاندانی دژە گەندەڵی لەكاری رۆژانەی حكومەتدا، ئەمەش وەك سەرۆكی حكومەت لە پەنێلێكدا لە زانكۆی ئەمریكی لە كوردستان ئاماژەی پێ كرد، هەنگاوی یەكەمی ئەم كابینەیە ئەوە بووە كە لە جێگەی خۆیدا گەندەڵی رابگرێت و رێگە نەدات چیتر بوار بۆ گەندەڵی لە كارەكانی حكومەتدا هەبێت، ئەم قسانەی سەرۆكی حكومەت لەچوارچێوەی كاری حكومەت و حوكمڕانیدا ئەوە دەگەیەنێت كە روانگەی سەرۆكی حكومەت بۆ ئایندەی حوكمڕانی لە كوردستاندا ئەوەیە كە دەبێت فاكتەرەكانی هاندانی گەندەڵی لە جێگەی خۆیدا بگۆڕێن بۆ فاكتەری هاندانی دژە گەندەڵی، بەڵام گۆڕینی ئەم ژینگەیەش پێویستی بە هەمواركردن و دەركردنی چەند یاسایەكی تازە هەیە، بۆیە وەك لە پڕۆژە یاسای چاكسازی كە هەفتەی رابردوو لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند كراو بینیمان، دەركردنی ئەو یاسایە خۆی دەبێتە فاكتەرێك بۆ ئەوەی ژینگەی هاندانی گەندەڵی و ژینگەی هاندان بۆ نادادپەوەری بگۆڕێت بۆ ژینگەی هاندانی دژە گەندەڵی و رەخساندنی زەمینەیەك بۆ دروستكردنی دادپەروەری لە كۆمەڵگەدا.

كەواتە چاكسازی لەنێو ئەو فۆڕمە تازەیە سەركەوتوو دەبێت كە حكومەت بۆ هەڵسووڕانی دامەزراوەكانی پیادەی دەكات، لەم چوارچێوەیەدا چاكسازی یان پەرەپێدانی تواناكانی حكومەت، هەموو سێكتەرە جیاوازەكان دەگرێتەوە و هەموو سێكتەرە جیاوازەكانیش لەناو ئەو فۆڕمە تازەیەی حكومەتدا، ئەدای جیاواز و تازەیان تێدا دەبینین.

**● كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان رێكخستنەوەی پەیوەندیی نێوان كەرتی گشتی و تایبەت**

فاكتەری سەرەكی بۆ حكومەت و حوكمڕانیی سەركەوتوو لە هەر دەوڵەتێكدا، كارلێكی ئەرێنیی

**بە ئەكتیڤكردنی ئەدای دامەزراوەكان و هەڵسووڕاندیان بە شێوازێكی تازە، خودی دامەزراوەكان زەمینەیەك دروست دەكەن كە ژینگەی هاندانی گەندەڵی بگۆڕێت بۆ ژینگەی هاندانی دژە گەندەڵی لەكاری رۆژانەی حكومەتدا**

**فاكتەری سەرەكی بۆ حكومەت و حوكمڕانیی سەركەوتوو لە هەر دەوڵەتێكدا، كارلێكی ئەرێنیی نێوان هەڵسووڕاندنی دامەزراوەكانی كەرتی گشتی و تایبەتە، هەروەها فراوانبوونی كەرتی تایبەت و سنووردارکردنی كەرتی گشتییە**

نێوان هەڵسووڕاندنی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی و تایبەتە، هەروەها فراوانبوونی کەرتی تایبەت و سنووردارکردنی کەرتی گشتییە، ئەم هاوکێشەیەش بەرەنجامی یاساکانی حکومەت و یاساکانی بازاڕی «بازاڕی ئازاد»ە، کە سستی و کەمتەرخەمیی ناو دامەزراوەکانی کەرتی گشتی دەگۆڕێت بۆ جووڵەیەکی گەرموگوڕی ململانێ لەناو کۆی جومگە و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتدا.

مارگرێت تاتچەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا، لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو گەورەترین پرۆسەی بەتایبەتکردنی کەرتی گشتی (priva-tization) دەست پێ کرد، ئامانجی تاتچەر لە فراوانکردنی کەرتی تایبەت ئەوە بوو کە سستیی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی بکاتە جووڵەیەکی گەرموگوڕ لەناو جومگە و دامەزراوەکانی کەرتی تایبەتدا، بەمەش توانی جارێکی دیکە بووژانەوەیەکی گەورە لە ئابووریی بەریتانیا دروست بکات و ناسناوی «ئافرەتە ئاسنینەکە» بەدەست بهێنێت.

جیاوازیی نێوان ئابووریی بازاڕی ئازاد و ئابووریی سەنتراڵی دەوڵەتی ئەوەیە، لە یەکەمیاندا خەڵك حکومەت بەخێو دەکات و باجی دەداتێ، بەڵام لە دووەمیاندا حکومەت خەڵك بەخێو دەکات و مووچەیان بۆ دابین دەکات، لە حاڵەتی یەکەمدا کە خەڵك حکومەت بەخێو دەکات و باجی دەدێت، ئەوا حکومەت ناتوانێت بێجگە لە خزمەتکاری میللەتی خۆی و دابینکردنی پێداویستییەکانی، هیچ منەتێك بەسەر گەلەکەی خۆیدا بکات، بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا کە حکومەت خەڵك بەخێۆ دەکات و مووچەی بۆ دابین دەکات، ئەوا خەڵك ناتوانێت هیچ داواکارییەك لە حکومەت بکات و، حکومەت هەرچی بکات و هەرچی نەکات، دەبێت خەڵکەکەی ملکەچی فەرمانەکانی حکومەت بن.

ئەگەر لەم روانگەیەوە سەیری سیاسەتی ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین لە رووکاردا پەیڕەوی سیاسەتی ئابووریی بازاڕی ئازاد دەکات، بەڵام بە کردەوە سیاسەتی ئابووریی حکومەت، سیاسەتێکی سەنتراڵیی دەوڵەتە و خەڵك هەمووی چاوەڕێی ئەوەن کە حکومەت دایانبمەزرێنێت و مووچەی لێ وەربگرن.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا چاوەڕوانیی خەڵك لە حکومەت بەوەی دەبێت حکومەت سەرچاوەی دابینکردنی ژیانی هەر کەسێك بێت، ئایا ئەم کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمەیە، یان بە شێوەیەکی سیستماتیکی نەتوانراوە سیاسەتی ئابووریی بازاری ئازاد پیادە بکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەوانەیە بۆ ئێمە وەك هاووڵاتیی ئەم هەرێمە زۆر قورس نەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو میکانیزمەی کەرتی تایبەتی لە کوردستان پێ هەڵدەسووڕێت، پشتبەستوو نییە بە یاساکانی ئابووریی بازاڕی ئازاد، بەڵکو هەتا ئێستاش پشتبەستوو بووە بە سیاسەتی حزبۆکراتی، واتە بیرۆکراتیەتی حزب لە هەڵسووڕاندنی کەرتی تایبەتدا.

لەوانەیە خوێنەر کاتێك ئەم دێڕانە دەخوێنێتەوە، راشکاوانە ئەو هەستەی لا دروست بێت، بەوەی کە هەتا بەرپرسان و حزبە سیاسییەکان دەستبەرداری بزنێس و وەبەرهێنان نەبن لە کەرتی تایبەتدا، ئەوا ئاراستەی کەرتی تایبەت راست نابێتەوە. بەڵام ئەم میتۆدە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کێشەی سەرەکی ئەوە نییە کە بەرپرسان و سیاسەتمەداران و حزبەکان، بزنێس و وەبەرهێنان لە کەرتی تایبەت دەکەن، دوور بخرێنەوە، بەڵکو کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە سیاسەتی ئابووریی بازاڕ لە چوارچێوەی یاساکانی بازاڕی ئازاد بەڕێوەناچێت، بەڵکو دەسەڵات و سیاسەتی چاوچنۆکیی حزبی جێگەی یاساکانی کەرتی تایبەتی گرتۆتەوە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو جووڵە گەرموگوڕەی پێویستە لە تەواوی جومگەکانی کەرتی تایبەت هەستی پێ بکرێت، هەستی پێ ناکرێت و، بیرۆکرایەتی حزبی و بەرژوەندیی تایبەتیی هەندێك بەرپرس و سیاسەتمەدار، جۆرێك لە سستی و ئاڵۆزیی لە هەڵسووڕانی کەرتی تایبەتدا دروست کردووە.

لەم راستەوە ئەگەر سەیری ئەدای کەرتی تایبەت بکەین لە کوردستاندا، دەبینین، وێڕای ئەوەی بەناو کەرتی تایبەت لە کوردستاندا زۆر فراوانە و بەشی هەرە زۆری بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، بەڵام ئەم کەرتە لەبری

**جیاوازیی نێوان ئابووریی بازاڕی ئازاد و ئابووریی سەنتراڵی دەوڵەتی ئەوەیە، لە یەکەمیاندا خەڵك حکومەت بەخێو دەکات و باجی دەداتێ، بەڵام لە دووەمیاندا حکومەت خەڵك بەخێو دەکات و مووچەیان بۆ دابین دەکات**

**ئەو میکانیزمەی کەرتی تایبەتی لە کوردستان پێ هەڵدەسووڕێت، پشتبەستوو نییە بە یاساکانی ئابووریی بازاڕی ئازاد، بەڵکو هەتا ئێستاش پشتبەستوو بووە بە سیاسەتی حزبۆکراتی، واتە بیرۆکراتیەتی حزب لە هەڵسووڕاندنی کەرتی تایبەتدا**

**هەتا بەرپرسان و حزبە سیاسییەکان دەستبەرداری بزنێس و وەبەرهێنان نەبن لە کەرتی تایبەتدا، ئەوا ئاراستەی کەرتی تایبەت راست نابێتەوە**

**کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە سیاسەتی ئابووریی بازاڕ لە چوارچێوەی یاساکانی بازاڕی ئازاد بەڕێوەناچێت، بەڵکو دەسەڵات و سیاسەتی چاوچنۆکیی حزبی جێگەی یاساکانی کەرتی تایبەتی گرتۆتەوە**

ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ هەلی کار و نەهێشتنی بێکاری لە کۆمەڵگە و سووککردنی ئەرکی سەرشانی حکومەت، بەڵام بەکردەیی دەبینین لەلایەك بۆتە بارێکی گران بەسەر حکومەتەوە و نەیتوانیوە ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، لەلایەکی دیکەش بووە بەبار بەسەر شانی خەڵکی کوردستانەوە کە نەیتوانیوە خزمەتگوزاریی شایستە بە بارتەقای ئەو پارەیەی وەریدەگرێت، پێشکەشی هاووڵاتیان بکات.

دیارە ئەرکێکی زۆر گرنگی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك لە بەرنامەکەشی ئاماژەی پێ کراوە، هەوڵدانە بۆ راستکردنەوە کەرتی تایبەت و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا، بۆ ئەمەش هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە هەوڵێکی جددی خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی یاسای وەبەرهێنان و تەواوی ئەو یاسایانە هەموار بکرێتەوە کە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای یاساکانی ئابووریی بازاڕ پێی بەڕێوەدەچێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە دووبارە پێناسەکردنەوەی (هەلی کارکردن)ـە بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و شێوازی دابەشکردنی ئەو هەلانەیە لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا، هەروەها نزمیی ئاستی داهاتی هەلی کارە لە کەرتی تایبەت بەراورد بەو مووچەیەی کە فەرمانبەرێك لە کەرتی گشتی وەریدەگرێت، ئەمە لە کاتێکدا لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوی ئابووریی بازاڕ دەکەن، داهاتی کارکردن لە کەرتی تایبەت لە هەموو بوارەکاندا، لە داهاتی ئەو فەرمانبەرانە زیاترە کە لە کەرتی گشتی کار دەکەن، ئەم بەرزیی داهاتە بۆتە هاندەرێك بۆ ئەوەی قوتابی (کچ و کوڕ) دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکات، لە بواری کەرتی تایبەت بۆ کار بگەڕێت، نەك داوا لە حکومەت بکات دایبمەزرێنێت.

دیارە لە عێراق و کوردستانیش لە ساڵانی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوو تا دەگاتە هەشتاکانیش، قسەیەکی باوی خۆماڵی هەبوو دەیانگوت «تەنیا ئەو کەسانە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن ببنە فەرمانبەری میری، کە دەست و پێ سپین و ناتوانن هیچ کاسبییەك بکەن»، ئەم قسە سادەیە بەو مانایە بوو، ئەگەر کەسێك بووە فەرمانبەری میری، نابێت لەکەرتی تایبەت کارێکی دیکە بکات، هەروەها یاساکانی حکومەتیش بۆ رێکخستن و دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو کەرتە بەو جۆرە بوو، کەر رێگەی نەدەدا فەرمانبەران، هەلی کار لە کەرتی تایبەت مۆنۆپۆل بکەن، هەر بۆ نموونە ئەگەر کەسێك فەرمانبەری میری بوایە، مافی ئەوەی نەبوو مۆڵەتی شۆفیری گشتی دەربهێنێت، یان مافی ئەوەی نەبوو، بریکاری بەرژەوەندییەك، یان بریکاری هاوردەکردن وەربگرێت، تەنانەت مافی ئەوەی نەبوو گرێبەستی دووکانێك بکات، یان ناسنامەی ژووری بازرگانی دەربهێنێت، بەڵام لە دوای راپەڕینەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەم جیاوازییەی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت بەپێی یاسا بوونی نەماوە، ئەمەش وایکرد کە جۆرێك لە تێکەڵاوی لەنێوان هەردوو کەرتەکە دروست بێت. ئەمە لە کاتێکدا ئەو سەردەمە کەرتی تایبەت تەنیا بواری بازرگانی و کەسابەتی لەچەند سێکتەرێکی سنورداری کۆمەڵگە دەگرتەوە، بەڵام ئێستا بوارەکانی کەرتی تایبەت تەواوی سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە.

بەپێی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکی سەرەکیی ئەم کابینەیە دووبارە رێکخستنەوە و دروستکردنەوەی هاوسەنگییە لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، لەماوەی ئەو چەند مانگەشدا چەندین هەنگاوی هەڵگرتووە بەو ئاراستەیە و چەندین پڕۆژە یاساشی بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە ئامادە کردووە، بەڵام خاڵی گرنگ لە هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە لەو خاڵە گرنگەدا خۆی دەبینێتەوە کە کابینەی نۆیەمی حکومەت هەوڵدەدات لە هەموو سێکتەرە جیاوازەکانی کەرتی تایبەتدا، ئابووریی بازاڕ لە بیرۆکراتیەتی حزبی و فشار و گوشاری سیاسەتمەدار و بەپرسەکان پاك بکاتەوە و، ئاراستەی سیاسەتی ئابووریی کەرتی تایبەت لە چوارچێوەی یاساکانی ئابووری بازاڕ و ململانێی ئازاددا رێکبخاتەوە.

**بیرۆکرایەتی حزبی و بەرژەوندیی تایبەتیی هەندێك بەرپرس و سیاسەتمەدار، جۆرێك لە سستی و ئاڵۆزیی لە هەڵسووڕانی کەرتی تایبەتدا دروست کردووە**

**لەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەم کابینەیە هەوڵێکی جددی خراوەتەگەڕ بۆ ئەوەی یاسای وەبەرهێنان و تەواوی ئەو یاسایانە هەموار بکرێتەوە کە کەرتی تایبەت لەسەر بنەمای یاساکانی ئابووریی بازاڕ پێی بەڕێوەدەچێت، لەسەرووی هەمووشیانەوە دووبارە پێناسەکردنەوەی (هەلی کارکردن)ـە بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان و شێوازی دابەشکردنی ئەو هەلانەیە لەنێوان کەرتی گشتی و تایبەتدا**

**لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوی ئابووریی بازاڕ دەکەن، داهاتی کارکردن لە کەرتی تایبەت لە هەموو بوارەکاندا، لە داهاتی ئەو فەرمانبەرانە زیاترە کە لە کەرتی گشتی کار دەکەن، ئەم بەرزیی داهاتە بۆتە هاندەرێك بۆ ئەوەی قوتابی (کچ و کوڕ) دوای ئەوەی خوێندن تەواو دەکات، لە بواری کەرتی تایبەت بۆ کار بگەڕێت**



رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ چاکسازی هەیە، ئەو چاکسازییەی کە خواست و ویستی خەڵکە و دادپەروەریی لێ دەکەوێتەوە

*** دوای ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دڵنیایی دا کە نابێت هیچ مەترسییەك بۆ سەر مووچە و ئیمتیازاتی مووچەخۆران بەتایبەتی کەسوکاری شەهیدان دروست بکرێت، ئایا تاچ رادەیەك پێش پەسەندکردنی پرۆژە یاساکە رەچاوی ئەم بابەتە کرا؟**

- سەرەتا پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەکەتان دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، کە چاکسازی، پرۆژە و هەنگاوێکی گرنگی حکومەتە و ئێمەش وەکو پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان پاڵپشتییەکی گەورەی لێ دەکەین، رێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیرادەیەکی بەهێزی بۆ چاکسازی هەیە، ئەو چاکسازییەی کە خواست و ویستی خەڵکە و دادپەروەریی لێ دەکەوێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا رێزدار سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش دەستپێکردنی کۆبوونەوەی پەرلەمان و پەسەندکردنی پرۆژەکە لە دواکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و پێشتریش بۆ چەند جارێك جەختی لەوە کردەوە، کە نابێت هیچ مەترسییەك بۆ سەر مووچە و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان دروست بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرجەم ئەو بڕگانەمان لابردووە کە مەترسی بۆ سەر مووچە و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان دروست دەکات، ئەم یاسایەش لە خزمەت و قازانجی خەڵکی کوردستاندایە و دووبارە سەرجەم بوارەکانی (مووچە و دەرماڵە و خانەنشینی و مووچەی پلەباڵاکان و ئیمتیازەکان) بە پێی یاسا رێك دەخرێنەوە و دادپەروەریی گەورەی لێ دەکەوێتەوە، واتا جگە لەوەی لە رووی گەڕانەوەی داهاتێکی باش دەتوانرێت بەو بڕە پارەیە مووچەی خانەنشینانی شارستانی پێ

## پێشەوا هەورامانی

گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# تێپەڕاندنی یاسای چاکسازی هەنگاوێکی گەورە بوو بە خێر و خۆشی بۆ خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت

**دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بەدەنگی ٨٩ پەرلەمانتاری بڕگە و ماددەکانی (پڕۆژە یاسای چاکسازیی لە مووچە و دەرماڵەو بەخشینی ئیمتیازەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان) پەسەند کرد، سەبارەت بە گرنگیی پڕۆژەکە و هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و ڕێخۆشکردن بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی دیکەی چاکسازی لە سەرجەم بوار و سێکتەرەکاندا؛ گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی پێشەوا هەورامانی گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کرد، لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

زیاد بکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باشتر و دەستکراوەتر دەبێت بۆ جێبەجێکردنی خواست و ویستی هاووڵاتیانی کوردستان و پێشکەشکردنی پڕۆژە یاسای چاکسازیی زیاتر لەسەرجەم بوارەکانی دیکەدا. بەشێوەیەکی گشتی لە کۆتایی هەفتەی رابردوودا پڕۆسەکە بە کۆی ٨٩ دەنگی ئەندامانی پەرلەمان پەسەند کرا، ئەم ڕێژە بەرزەی دەنگدان بۆ ئێمە مایەی خۆشحاڵی بوو و بە گرنگییەوە دەڕوانینە ئەو پاڵپشتییەی پەرلەمانتاران، هیوایەکی زیاتری بەخشی بە ئێمە کە پڕۆسەی چاکسازیی ویست و هیوای زۆربەی لایەنەکانی هەرێمی کوردستانە، ئەوانەشی لەگەڵیدا نەبوون بە راستی هەنگاوێك بوو لێی بەجێمان و بۆ خۆیان خراپ بوو، چونکە ئەم پڕۆژەیە دواجار چاکسازییە، ئەگەر لەسەر ماددەیەك، یان بابەتێکی بچووك تێبینییەك هەبووبێت، ئەمانە هەمووی بیانوو بوون، بەشێکی بۆ خۆڵکردنە ناو چاوی خەڵکی بوو، بەشێکی دیکەی بۆ موزایەدە بوو، ئەو موزایەدەیەی کە ئێستا باوی نەماوە، خەڵك هەموو بابەت و شتێك بە راستی و دروستی دەبینێت و لێی تێ دەگات، لە کۆتاییشدا ئەوەی چەند ساڵێکە کاری بۆ دەکرێت و خواستی هەموو لایەك بوو، چاکسازی بوو، سوپاس بۆ خوا و بە پاڵپشتیی جەماوەری کوردستان پڕۆژەکە تێپەڕێندراو بە خێر و خۆشی بۆ هەموو خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت و هەنگاوی گەورەتر و ئامانجی زیاتریشمان هەیە، چونکە تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسای چاکسازی تەنیا سەرەتا و دەستپێکە و پاڵپشتیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانێت کابینەی خەڵك و خزمەتکردنی کوردستان بێت.

**تێپەڕاندنی پڕۆژە یاسای چاکسازی تەنیا سەرەتا و دەستپێکە و پاڵپشتیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ئەوەی بتوانێت کابینەی خەڵک و خزمەتکردنی کوردستان بێت**

*** هەڵبەتە لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا جەخت لەسەر چاکسازی کراوەتەوە، ئایا دەکرێت بوترێت پەسەندکردنی ئەم پرۆژە یاسایە هەنگاوی یەکەمە بۆ دەستپێکردنی چاکسازییەکی فراوانتر؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنەکەی سەلماندیان کە خاوەنی بەڵێن و بانگەشەکانی خۆیانن بۆ جەماوەرەکەیان و خەڵکی کوردستان، ئەوەتا سەرۆکی حکومەت بە کرداری لە چەندین بواردا هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی ناوە، فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمان هەر لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هەڵگری پەیامی (چاکسازی و دادپەروەری) بووە، ئەمە تەنیا بۆ موزایەدە نەبووە، ئەوەتا لە کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارەکانەوە دەستمان بە چاکسازی کردووە، ئەم ئەرکەش ئاسان نەبووە لە ناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش دژایەتیی زۆری بۆ دروست بوو، بەڵام فراکسیۆنی پارتی و هاوپەیمانەکانی دەنگمان بەو یاسایە دا کە زامنی کوردستانێکی بەهێزە و دادپەوەری لێ دەکەوێتەوە، چونکە بەهێزکردنی سێکتەرەکانی حوکمڕانی و رێکخستنەوەی خەرجی و داهاتەکان و بنبڕکردنی گەندەڵی و بەدەستهێنانی دادپەروەری دەمانباتە قۆناغێکی دیکەی ئارامی و سەقامگیری لە حوکمڕانیدا، هەڵبەتە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسایەدا بە رێژەیەکی زۆر بەرز دادوەری لە مووچە و ئیمتیازەکان دروست دەبێت، بێگومان لە دوای دەربازکردنی ئەم پرۆژە یاسایە پرۆژە و بڕیار و کاری دیکەی چاکسازیی لەسەرجەم کەرت و سێکتەرەکانی دیکەدا هەنگاوی بۆ دەنرێت. ئەوەتا هەر لەم ماوەیەدا دەنگمان بە پرۆژە یاسایەکی دیکە دا لە بواری ماددە بێهۆشکارەکان و بە زۆرینەی دەنگ لەپەرلەمان تێپەڕێندرا، لەبەر گرنگی و گەورەیی پرۆژە یاسای چاکسازی لە رووی راگەیاندنەوە ئەو گرنگییە بە پرۆژەی ماددە بێهۆشکەرەکان نەدرا، لە کاتێکدا ئەم یاسایەش بۆ هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە، چونکە هەرێمی کوردستان لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدایە کە هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەروماڵ و حاڵی گەنجان، بەتایبەتی لەم ناوچەیەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بازرگانیکردن بەماددە بێهۆشکارەکان لە زیادبووندایە.

*** ئاماژەت بەوە کرد کە پرۆژە یاسای چاکسازی دژایەتیی زۆری کرا، بۆچی پرۆژە یاسایەکی چاکسازیی بەم شێوەیە دژایەتی دەکرێت، لەکاتێکدا زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و لە بۆنە و رێوڕەسمەکاندا بانگەواز بۆ چاکسازی و دادپەروەری دەکەن؟**

- کەسانێك لەناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانیش لەو باوەڕەدا نەبوون پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو شێوەیە پاڵپشتیی پرۆژەیەك بکەن کە لە کەمکردنەوەی ئیمتیازاتەکانی خۆیانەوە دەست پێ دەکات، هەربۆیە لە ناو هۆڵی پەرلەمان لە رۆژی دەنگدان ویستیان پشێوی و ئاژاوە دروست بکەن، بەڵام چاکسازیی ئیرادەی میللەتی لەپشتە و ناتواندرێت هەڵگرانی چاکسازی رابگیرێن، ئێمە بە کردار لیستی پیرۆزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی پاك دەکەینەوە و بەرگریی لە موستەحەقات و شایستەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین و ئەوانە بە هیچ شێوەیەك دەستیان لێ نادرێت، ئەم پرۆژەیە مۆرکێکی نیشتمانیی هەیە، هەربۆیە نەمانهێشت بە تەنیا مۆرکێکی حزبی وەربگرێت و ویستمان ببێتە پرۆژەیەکی پارتی و هەموو هاوپەیمانەکانمان لە حکومەت و پەرلەمان، چونکە دواجار سوودەکانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە. لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم لەهەموو دنیا وایە کە پەرلەمان و حکومەت دوژمنی یەکتر نین و بۆ چاکسازی و باشترکردنی دۆخی وڵات و باشکردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان هاوکار و پاڵپشتی یەکترن، هەربۆیە پەرلەمان و حکومەت ئامانج و نییەتیان یەکە و پێکەوە کاری باش دەکەن لە پێناو خزمەتکردنی هاووڵاتیان و وڵات، ئەگەر ئێمە بەردەوام بین لەسەر ئەو شێوازە دروست و راستەی ئێستا، ئەوا بێگومان هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان و حکومەت ئامانج و بەرهەمی باشتری لێ دەکەوێتەوە.

**پارتی دیموکراتی کوردستان و فراکسیۆنەکەی سەلماندیان کە خاوەنی بەڵێن و بانگەشەکانی خۆیانن بۆ جەماوەرەکەیان و خەڵکی کوردستان، ئەوەتا سەرۆکی حکومەت بە کرداری لەچەندین بواردا هەنگاوی بۆ جێبەجێکردنی چاکسازی ناوە**

**لە کەمکردنەوەی مووچەی پەرلەمانتارەکانەوە دەستمان بە چاکسازی کردووە، ئەم ئەرکەش ئاسان نەبووە لە ناو پەرلەمان و لە دەرەوەی پەرلەمانیش دژایەتیی زۆری بۆ دروست بوو**

**کەسانێک لەناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانیش لەو باوەڕەدا نەبوون پەرلەمانتارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەو شێوەیە پاڵپشتیی پرۆژەیەک بکەن کە لە کەمکردنەوەی ئیمتیازاتەکانی خۆیانەوە دەست پێ دەکات**

**ئێمە بە کردار لیستی پیرۆزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی پاک دەکەینەوە و بەرگریی لە موستەحەقات و شایستەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین**



*** ئەگەر باسێکی سوودەکانی ئەم پرۆژە یاسایە بکەین لە رووی ئابووری و دارایی و دادپەروەریشەوە، پێت وانییە پێویستە فەرمانبەرانی هەرێم و خەڵکی کوردستانیش لەوە ئاگاداربکرێنەوە کە لە دۆخێکی وا هەستیاردا ناکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بێ چاکسازیی توانای جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانی هەبێت؟**

- راستە داتا و زانیارییەکی ورد نییە کە حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا چەند پارەی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر لە پاککردنەوەی لیستەکانی مووچە و ئیمتیازاتە داراییەکان و رێکخستنەوەیان بڕە پارەیەکی باش دەست دەکەوێت، کە حکومەت دەتوانێت بۆ مووچە کەمەکانی خانەنشینان و کەسانی شایستە و کەمدەرامەت خەرجی بکاتەوە، هەروەها مووچەی خانەنشینیی پەرلەمانتاران و پلە باڵاکان کەم دەکرێتەوە و کۆتایی بەو هەموو یاسایەی خانەنشینی دەهێنێت و مووچەی پاسەوانی رێك دەخرێتەوە و مووچە کەمەکانی خانەنشینان زیاد دەکرێت، چەندین بڕگە و ماددەی دیکەی باشی تێدایە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەو دادپەروەرییەیە کە خەڵکی پێی ئاسوودە دەبن. ئەوەی ئێمە کردمان لە چاکسازی تەنیا هەنگاوە گەورەکە بوو، چاکسازیی پرۆسەیەکی فراوان و بەردەوامە پشت بەخودا و پشت بە جەماوەری کوردستان و لە ژێر رۆشنایی هەنگاوەکانی جەنابی سەرۆك کە ئێمە پاڵپشتی و ئیلهامی خزمەتکردنی خەڵك لە جەنابیانەوە فێربووین، کاری باشتر و هەنگاوی باشتر دەنێین لەو ساڵانەی داهاتوودا کە لە بەردەستی ئێمە ماون بۆ خزمەتکردنی خەڵکی کوردستان، خواست و ویستی ئێمە لەمە زیاترە، بەڵام ئەمەش هەنگاوێکی گەورە بوو کە پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی دا، ئێستا چاوەڕوانی ئەوەش دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار مسرور بارزانی تەواوی بڕگەو ماددەکانی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات، لە کۆتاییشدا بە قازانجی خەڵکی کوردستان دەبێت.

**ئەم پرۆژەیە مۆرکێکی نیشتمانیی هەیە، هەربۆیە نەمانهێشت بە تەنیا مۆرکێکی حزبی وەربگرێت و ویستمان ببێتە پرۆژەیەکی پارتی و هەموو هاوپەیمانەکانمان لە حکومەت و پەرلەمان، چونکە دواجار سوودەکانی بۆ هەموو خەڵکی کوردستانە**

# هەولێر
# ناوەندی دیپلۆماسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**مسعود بارزانی لەسەر ئاستی عێراق و زۆربەی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەسایەتییەکی متمانە پێکراوی دیپلۆماسی بووە**

**لە عێراقدا حکومەت نەماوە، خۆپیشاندان تەواوی وڵاتی گرتۆتەوە، هاووڵاتیان متمانە بە حکومەت و هێز و لایەنە سیاسییە شیعەکان ناکەن**

**فەتح هێشتا لە عەقڵییەتی سەردەمی جەنگی داعشدا دەژی و خۆی بە خاوەنی سەرکەوتنەکان دەزانێت و دەیەوێت دوابڕیار لەلای خۆی بێت**

وتەیەکی زۆر ناسراو لە زۆربەی فەرهەنگە مێژووییەکاندا بەرچاو دەکەوێت، کە دەڵێت: «سەرجەم ڕێگەکان دەچنەوە ڕۆما»، ئەم وتەیە لە سەردەمانێك بوو کە ڕۆما پایتەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بوو، ناوەندێك بوو بۆ یەکلاکردنەوەی پرسە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان.

بارودۆخی شڵەژاوی عێراق و خۆپیشاندانە بەردەوامەکان و دەستلەکارکێشانەوەی د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆك وەزیران، دۆخێکی نامۆی وەهای دروستکردووە کە عێراقی بەرەو تۆنێلێکی تاریکی نادیار بردووە، کە کەم کەس بتوانێت لەم دۆخەدا ڕۆڵی کاریگەری هەبێت، بەتایبەتی کە لە عێراقدا حکومەت نەماوە، خۆپیشاندان تەواوی وڵاتی گرتۆتەوە، هاووڵاتیان متمانە بە حکومەت هێز و لایەنە سیاسییە شیعەکان ناکەن و ،مەرجەعییەتی قوم و نەجەف بۆ دەستبەسەرداگرتنیماڵی شیعە لە ناکۆکیی بەردەوامدان و، سەرباری ئەمانەش کوژرانی قاسم سولەیمانی زەنگی جەنگێکی ماڵوێرانکەری بە گوێی تەواوی هاووڵاتیانی عێراقدا دا و، ناکۆکیی نێوان ئەمریکا و ئێرانیشی بەهێزتر کرد، تەنانەت ڕەوشەکە بە جۆرێکە ئەگەر هەنگاوی خێرا نەنرێت، جەنگی ناوخۆیی لە دەرگای عێراقییەکان دەدات.

## ● بەراوردێك لە نێوان هەولێر و بەغدا

لەم کاتەدا ماڵی شیعە بە جۆرێك لێك هەڵوەشاوە کە موقتەدا سەدر لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تویتەوە خۆی بە نوێنەری خۆپیشاندانەران دەزانێت، فەتح هێشتا لە عەقڵییەتی سەردەمی جەنگی داعشدا دەژی و خۆی بە خاوەنی سەرکەوتنەکان دەزانێت و دەیەوێت دوابڕیار لەلای خۆی بێت، هەریەك لە مالیکی و عەبادییش حزبی دەعوەیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە، کە چاککردنەوەی ئەستەمە ، ئەمە بێجگە لەوەی کە پەرتەوازەیی تەنیا لە ماڵی شیعەدا کورت نەبۆتەوە و ناکۆکیی نێوان هێزە سوننەکان زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت، حەلبووسی خۆی بەسەرکردەی سوننە مەزهەبەکان دەزانێت، بەڵام هێشتا هەریەك لە خەمیس خەنجەر و نوجێفی و جبوری، خۆیان بە نوێنەری سوننە دەزانن، واتا عێراق لە پاشاگەردانییەکی مەترسیداردایە، هیچ جۆرە ئاسۆیەك بۆ چارەسەری کێشەکان نەماوە، لەم دۆخەدا ئەمریکییەکانیش متمانەیان بە عێراقییەکان و ڕوونتر بڵێین بە شیعەکان نەماوە، چونکە بە درێژایی ماوەی ڕابردوو تەنگەژەکانی عێراق ڕوویان لە هەڵکشان کردووە و ئاسۆیەك بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان دیار نییە، ئەمە بێجگە لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ دەرکردنی هێزە بیانییەکان کە ئەمریکای تەواو نیگەران کردووە ، ئەم ڕووداوانە هەمووی وایکردووە کە جیهان بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکان ڕوو لە هەولێر بکەن، واتا هەولێر دەبێتە ناوەندێك بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی عێراق و تەنانەت پردێکی پەیوەندییش دەبێت لە نێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا.

## ● ڕەهەندەکانی پشت هاتنی عەبدولمەهدی

سەردانی ئەم دواییەی (عادل عەبدولمەهدی) بۆ هەولێر و ئەنجامدانی چەندین دیداری دیپلۆماسی، لوتکەی ئەو ڕاستییەی خستەڕوو کە تاکە ڕێگە بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئەمڕۆی عێراق و دەربازبوون لە تەنگەژە سیاسییەکان هەنگاونانە بەرەو هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا پێویستە عێراقییەکان بڵێن: «سەرجەم ڕێگەکان دەچنەوە هەولێر»، چونکە هەولێر لە دوای پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣وە بۆ سەرجەم پێکهاتە سیاسییەکانی نێوخۆیی و عێراقیش پێگەیەکی گرنگی دیپلۆماسی بووە و تەنانەت هێزە بیانییەکانیش لەم شارەدا زۆر پرسی گرنگیان یەکلا کردۆتەوە، تەنانەت زۆربەی کابینەکانی حکومەتی عێراق لە دیدارە دیپلۆماسییەکانی هەولێردا بەرهەمیان هەبووە و پێکهاتوون، ئەوەی جێگەی



مەیادە محەمەد نەجار
بۆ گوڵان نووسیویەتی
ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق

سەرنجە ئەوەیە کە هەمیشە هەولێری پایتەختی کوردستان لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی مەرجەعی نەتەوەییمان، مسعود بارزانی لەسەر ئاستی عێراق و زۆربەی وڵاتانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەسایەتییەکی متمانەپێکراوی دیپلۆماسی بووە، سەرۆك مسعود بارزانی زۆر بوێرانە هەنگاوی ناوە، بە درێژای ساڵانی رابردوو متمانەیەکی وەهای دروست کردووە کە تەواوی سەرکردەکانی جیهان وەك ناوەندێکی هێز لە هەولێر بڕوانن و بە گرنگییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن.

## ● بۆچی هەولێر گرنگە؟

ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو راستییە بزانین کە بۆچی هەولێر گرنگە و سەرکردە سیاسییە عێراقییەکان و تەنانەت هەرێمییەکانیش لەبەر چ هۆکارێك بۆ یەکلاکردنەوەی پرسەکانیان روو لە هەولیر دەکەن، ئەوا پێویستە شرۆڤەیەك بۆ دۆخی ناوچەکە و عێراق بکەین و لە چەند خاڵێکدا هەڵویستەکان روون بکەینەوە .

١. سەرۆك بارزانی هەمیشە سیاسەتێکی کوردستانیی پەیڕەو کردووە، ساڵانێکی زۆرە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هێزە هەرێمییەکان بە گرنگییەوە لەم دپیلۆماسییەتە دەڕوانن، چونکە سیاسەتی دیپلۆماسیی سەرۆك بارزانی بە جۆرێك بووە، هەمیشە سەربەخۆ بووە و هیچ کاتێك نەبۆتە بەرەیەك دژ بە بەرەیەکی دی لەناوچەکەدا، ئەمەش وایکردووە کە جیهان و هیزە نیودەوڵەتییەکان و هێزە هەرێمییەکان رێز لە هەنگاوەکانی سەرۆك بارزانی بگرن.

٢. راگرتنی هاوسەنگیی هێز یەکێکی دیکەیە لە هەنگاوەکانی مەرجەعی نەتەوەییمانە کە توانی لە ساڵانی رابردوودا هەرێمی کوردستانی لە جەنگ و ماڵوێرانی بپارێزێت، تەنانەت زۆربەی چاودێرانی سیاسی بە گرنگییەوە باس لەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان تاکە ناوچەی ئارامە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، وەك دەوترێت هەرێمی کوردستان دورگەیەکی ئارامە لە ناو ئۆقیانووسێکی پڕ لە خوێندا، ئەمەش بۆ سیاسەتی حەکیمانەی مەرجەعی نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە، کە هاوسەنگیی هێزی پاراستووە.

٣. لەخۆبووردەیی و کارێزمایی خاڵێکی دیکەی سەرکەوتنی هەنگاوی حەکیمانەی سەرۆك بارزانی بوو کە توانیویەتی کوردستان لە مەترسییەکانی تیرۆریستانی داعش بپارێزێت و، خەونی نەیارانی کوردستانی پووچەڵ کردۆتەوە.

٤. پاراستنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد یەکێکی دیکە بووە لە هەنگاوە گرنگەکانی مەرجەعی نەتەوەییمان، کە هەموو هەوڵێکی لە ساڵانی رابردوودا بۆ پاراستنی یەکڕیزیی نێوماڵی کورد بووە، تەنانەت زۆرجار لەم پێناوەدا سازشی بۆ لایەنە کوردستانییەکان کردووە، تەنیا ئامانجیشی پاراستنی ماڵی کورد بووە لە دووبەرەکی، لەم پێناوەشدا توانی تەواوی هێزە کوردستانییەکان لە یەك بەرەدا کۆبکاتەوە.

٥. هەرێمی کوردستان لانکەی ئارامی ملیۆنان ئاوارە و لێقەوماو بووە، سەدان هەزار خێزانی مەسیحی و سوننە مەزهەب روویان لە شارەکانی کوردستان کردووە و، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە میوانداری کراون، تەنانەت زۆربەی سەرۆکی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و پاپای ڤاتیکان و چەندان کەسایەتیی دیکە بۆ ئەم مەبەستە کوردستانیان بە لانکەی پێکەوەژیان وەسف کردووە.

لە کۆتاییدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەمجارەیان شەمەندەفەڕی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق لە هەولێرەوە دەست پێ دەکات و عەبدولمەهدیش وەك کەسێکی دیاری عێراق، دەیەوێت هەولێر رۆڵێکی کارا لە یەکلاکردنەوەیدا بگێڕێت، چونکە بڕیارەکان لە هەولێر دەبن، نەك لە بەغدا، رۆژگاریش لە داهاتوودا ئەم راستییە دەردەخات.

**هەولێر دەبێتە ناوەندێك بۆ بڕیاردان لە چارەنووسی عێراق و تەنانەت پردێکی پەیوەندییش دەبێت لە نێوان هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکاندا**

**سیاسەتی دیپلۆماسیی سەرۆك بارزانی بە جۆرێك بووە، هەمیشە سەربەخۆ بووە و هیچ کاتێك نەبۆتە بەرەیەك دژ بە بەرەیەکی دی لەناوچەکەدا**

**هەرێمی کوردستان دورگەیەکی ئارامە لە ناو ئۆقیانووسێکی پڕ لە خوێندا، ئەمەش بۆ سیاسەتی حەکیمانەی مەرجەعی نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە، کە هاوسەنگیی هێزی پاراستووە**



محەمەد ئەمین فارس

ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گوڵان:

# فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا بۆ پرسە گرنگەکان و مافی خەڵکی کوردستان بە یەکڕەنگی و یەکدەنگی بڕیار دەدەین

**ڕۆڵی جەنابی سەرۆک بارزانی لە هێورکردنەوەی گرژییەکانی ناوچەکە و عێراق زۆر گرنگ و کاریگەر بووە**

**حوکمڕانیی لە عێراقدا ڕووبەڕووی زۆر کێشە و گرفت بووەتەوە و حکومەت لە ئێستادا کاربەڕێکەرە و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش تا ئێستا نەیتوانیوە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠ پەسەند بکات، لەو دۆخە هەستیارەدا کە عێراق بەگشتی بە دۆخێکی زۆر نالەبار و ناهەمواردا تێدەپەڕێت، دروستکردنی هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە هەنگاوێکی ئەرێنی و گەورە دادەنرێت، بۆ ئەوەی بە یەکڕیزی و یەکدەنگی و کاری پێکەوەیی داکۆکی لە ماف و دەستکەوتەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەمەو چەندین پرسی گرنگی دیکە تەوەری ئەم دیدارەی گوڵان لەگەڵ محەمەد ئەمین فارس ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان پێکدەهێنن.**

*** بەم دواییە جۆرێك لە هاوپەیمانیی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە نێو پەرلەمانی عێراق دروست بووە کە توانیویەتی هەڵوێستی هاوبەش وەربگرێت، بەتایبەتی لە پرسی دەنگدان لەسەر بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان، چۆن لە گرنگیی ئەم فراکسیۆنە دەڕوانن و ئایا چەند چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت لە داهاتووشدا و لە پەیوەندی بە پرسەکانی پەیوەست بە کوردستانەوە هەڵوێستی هاوبەشیان هەبێت؟**

- تا ئێستا بە فەرمی هیچ هاوپەیمانییەك لە نێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان نییە، بەڵکو لە خولەکانی پێشتری پەرلەمانی عێراق هاوپەیمانیی کوردستانی هەبوو، بەڵام ئەوەی ئێستا لەنێوان فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە بەغدا هەیە وەك لیژنەیەکی هاوبەشە بۆ یەکدەنگی و یەکڕەنگی لە بڕیاردان لەسەر هەر بڕیارو پڕۆژە یاسایەکی گرنگ، بەتایبەت ئەگەر پەیوەندی بە خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوە و لەکاتی پێویستە هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ وەرگرتنی یەکدەنگی کۆبوونەوە ئەنجام دەدەین و بۆ پێکهێنانی فراکسیۆنێکی کوردستانی لە نێوان هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان بە فەرمی هەوڵ هەیە، بەتایبەتی جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکانی کوردستان لە بەغدا هاوپەیمانییەك دروست بکەن و ببنە یەك فراکسیۆنی کوردستانی بۆ بڕیاردان لەسەر پرس و بڕیارە گرنگ و چارەنووسسازەکان و مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان و هەوڵەکان بۆ ئەو کارە گرنگە بەردەوامە و ئومێد دەخوازین لەماوەیەکی نزیکدا ئەو فراکسیۆنە کوردستانییە بە فەرمی ڕابگەیەندرێت، ئەگەرچی ئێستاکەش هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر ئەو بڕیارانەی وەك موازەنەو پڕۆژە یاسای گرنگ، یان هەر پڕۆژە یاسا و بڕیارێك پەیوەندی بە خەڵك و هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەوە یەکدەنگ و یەك بڕیارین و بە یەکەوە کاری بۆ دەکەین، سەبارەت بە بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق، هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان پێکەوە بڕیاریان دا کە بەشداریی ئەو دانیشتنەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەکەن و دەنگ لەسەر بڕیارەکە نەدەن، لەو بڕیارەش تەنیا فراکسیۆنە کوردستانییەکان نەبوون، بەڵکو فراکسیۆنە سوننەکانیش بەشداریی دانیشتن و بڕیاردانەکەیان نەکرد، هاوکات دەبێت هەموو لایەکمان ئەوە بزانین کە بڕیارێکی زۆر باشە کە هەموو فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەسەر بڕیارە گرنگەکان بە یەکەوە کار بکەن و یەکدەنگ بن، ئەمەش هێزێکی گەورەو زیاتر بە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەدات لەسەر

**جەنابی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەوڵی زۆری داوە بۆ ئەوەی هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکانی کوردستان لە بەغدا هاوپەیمانییەک دروست بکەن و ببنە یەک فراکسیۆنی کوردستانی**

**دڵنیایی دەدەینە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە هیچ مەترسییەک لەسەر بڕینی مووچەکانیان نییە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و هەر وەک ساڵی ڕابردوو بەردەوام دەبێت**

ئەو بڕیارانەی گرنگن، بەتایبەتی بۆ مافی خەڵکی کوردستان و بێگومان ئەو یەکدەنگی و یەك بڕیارییەی فراکسیۆنە کوردستانییەکان کاریگەری زیاتر دەبێت لەسەر هاتنەدی مافی هەرێمی کوردستان و خەڵکی دیکەش زیاتر گرنگی بە فراکسیۆنە کوردستانییەکان دەدەن.

*** هەر لە پەیوەندی بە بڕیارەکەی پەرلەمانەوە کە پتر لەلایەن شیعەکانەوە دەنگی لەسەر درا، پێتان وانییە ئەمە سەرەتایەکی خراپە بۆ شکاندنی بنەماکانی پێکهاتن و هاوبەشی؟**

- بەپێی برگەو ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێویستە لەسەر هەموو بڕیارێك بەتایبەتی لە پرۆژە یاساو بڕیارە گرنگ و چارنووسسازەکان کە پەیوەندی بە مافی خەڵکەوە هەیە لەنێوان لایەنەکان و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراقدا تەوافوق هەبێت، هەروەها زۆر گرنگ و پێویست بوو لەسەر بڕیاری دەرکردنی هێزە بیانییەکان لە عێراق بە یەکدەنگی و بە تەوافوق لەنێوان فراکسیۆنە بەشداربووەکانی پەرلەمانی عێراق ئەو بڕیارە دەربکرێت، هەرچەندە زۆر ئاساییە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبێت، چونکە لەوانەیە هەندێ بڕیار هەبێت کە هەندێ فراکسیۆن لەسەری کۆك بن و هەندێکی دیکە دژی بن، ئەمەش ئاساییەو کاری پەرلەمانییە، بێگومان هەر سێ سەرۆکایەتی و زۆر پۆست لە حکومەتی عێراقدا بە تەوافوق دابەش کراوە، وەك سەرۆکی پەرلەمان بۆ سوننە و سەرۆکی وەزیران بۆ شیعە و سەرۆك کۆمار بۆ کورد، ئەمە بۆتە عورف و نە دەستوورییە و نە بە یاسایە، هەر بۆیە هەموو ئەو بڕیارو پرۆژە یاسایانەی کە گرنگن و پەیوەست بێت بە هەموو خەڵکی عێراقەوە باشتر وایە کە فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان بە یەکەوە بڕیاری لەسەر بدەن، بەڵام ئەمەش مانای وانییە کە بۆچوونی جیاواز نەبێت، بەڵکو ئەوە کاری پەرلەمانییە هەر چەندە بڕیارە گرنگەکان پێویستی بەرێککەوتن و تەوافوق هەیە.

*** چۆن لە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دەڕوانن، بەتایبەتی کە دەزانین لە ئێستادا عێراق بە دۆخێکی زۆر نالەبار و ناهەمواردا تێدەپەڕێت و تا چەند پێتان وایە عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بەوەیە درێژە بە هاوکاری و هەماهەنگییەکانیان بدەن؟**

- پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بەرەوباشی دەڕوات و بڕیارە لە ماوەیەکی نزیکدا شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات، بۆ گفتوگۆ و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی هەیە، بەتایبەتی لەسەر ئەو پرسانەی کە پەیوەندی بە پرۆژە یاسای بودجەوە هەیە، لەبەر ئەوەی تا ئێستا پرۆژە یاساکە ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوە، چونکە لەو کات و ساتەدا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەستی لەکار کێشایەوە و حکومەت بووە حکومەتێکی کاربەڕێکەر و حکومەتی کاربەڕێکەریش ناتوانێت پرۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، هەر بۆیە حکومەتی هەرێم دەیەوێت دڵنیا بێت کە چۆن لە ساڵی ٢٠٢٠ بەشە بودجەی هەرێم و بەتایبەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم خەرج دەکرێت، بۆیە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی دەکات، بۆ دەستنیشانکردنی چارەسەر و بۆ ئەوەی لانیکەم هەر وەك پێشتر بودجەکە یەك لەسەر دوانزەی خەرج بکرێت. بێگومان هەموو کاتێك کە پەیوەندی هەرێم و بەغدا باش بێت ئەوە لە بەرژەوەندیی هەردوولایە، بۆیە ئێستا هەوڵ دەدرێت پەیوەندییەکان زۆر بەهێزتر بێت، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی مەترسیی داعش لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان ماوە و تاوەکو هاوکاری و هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازیی نێوانیان زیاتر بێت، باشتر بەرگری دەکرێت. کە دەبینین پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ باشتر دەبێت، ئەوە بە هۆی سەردانەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی و دواتر جەنابی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ بەغدا بووە، لە ئاستێکی هەرە باڵاو بەرزیشدا پێشوازییان لێ کراوە، لەلایەکی دیکەوە وەك بینیمان ئەو کەسانەی کە دژی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا بوون، خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق دەنگی پێ نەدان و دەرنەچوون، ئەمە

**بەپێی برگەو ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق پێویستە لەسەر هەموو بڕیارێک بەتایبەتی لە پرۆژە یاساو بڕیارە گرنگ و چارنووسسازەکان کە پەیوەندی بە مافی خەڵکەوە هەیە لەنێوان لایەنەکان و فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمانی عێراقدا تەوافوق هەبێت**

**مەترسیی داعش لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان ماوە و تاوەکو هاوکاری و هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازیی نێوانیان زیاتر بێت، باشتر بەرگری دەکرێت**

**ئەو کەسانەی کە دژی ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا بوون، خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەم خولەی پەرلەمانی عێراق دەنگی پێ نەدان و دەرنەچوون**

**حکومەتی کاربەڕێکەر ناتوانێت پرۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، هەر بۆیە حکومەتی هەرێم دەیەوێت دڵنیا بێت کە چۆن لە ساڵی ٢٠٢٠ بەشە بودجەی هەرێم و بەتایبەتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم خەرج دەکرێت**

مانای وایە شەقامی عێراقی لەگەڵ ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا باش بێت، ئەمەش وادەکات پەیوەندیی هەموو خەڵکی عێراق و هەرێم باشتر بێت.

*** وەك ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاگاداری ئە پرسانەن کە پەیوەندی بەو کەرتەوە هەیە، بەتایبەتی لە وەرگرتنەوەی قەرزی جووتیارانی کوردستان لەو گەنمەی کە چەند ساڵە فرۆشتوویانەو عێراق هەقەکەی پێ نەداون، لەو بارەوە چ بڕیارێك دراوە؟**

- ئەو موستەحەقاتەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان کە لەلای حکومەتی عێراق ماوەتەوە و نەدراون، هی ساڵانی (٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦)یە، ئەگینا پارەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی (٢٠١٧و ٢٠١٨و ٢٠١٩) هەر هەمووی خەرج کراوە، بەڵام بڕی (٥٧٥) ملیار دیناری جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلای حکومەتی عێراق ماوەتەوە، ئەمەش زوڵمێکی زۆر گەورەیە کە لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان کراوە، چونکە گەنمەکە لە ڕێگای لیژنەیەکی پسپۆڕی تەنکیکی و هونەریی بەغدا کە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان وەرگیراوە و لەپاشان گەنمەکە بەکارهێنراوە و سوودی لێ وەرگیراوە و خەرج نەکردن و ڕاگرتنی پێدانی پارەکە بە جووتیارەکان بە بڕیارێکی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی ئەو کات بووە، ئەگەرچی بەشێکی زۆری ئەو بڕە پارەیە لەلایەن وەزارەتی دارایی سەرف کراوە و گەیشتۆتە وەزارەتی بازرگانیی عێراق بە مەبەستی ئەوەی بە جووتیارانی هەرێمی کوردستانی بدەن، چەندین جاریش لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار وەك وەزارەتی دارایی و بازرگانیی عێراق باس لەو پرس و کێشەیە کراوە، ئەوانیش دەڵێن پارەکە بە بڕیارێکی سەرۆك وەزیران ڕاگیراوە، هەر دەبێت ئەو بڕیاری خەرجکردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ جووتیارانی هەرێمی کوردستان بدات، بۆ ئەو مەبەستەش چەندی نجار پەیوەندیمان بە حەیدەر عەبادییەوە کرد، بەڵام تا ئێستاکەش بڕیاری خەرجکردنی نەدراوە، لەلایەکی دیکەوە تەنانەت لە پڕۆژە یاسای بودجەی (٢٠١٩)ش بڕگەیەکمان تێدا زیاد کرد بۆ ئەوەی لە کاتێکدا موستەحەقاتەکەش نەمابێت، ئەوە جێگامان لەناو پڕۆژە یاساکە بۆی کردۆتەوە، تاوەکو هەقەکە لەلایەك پارێزراو بێت لەلایەکی دیکە مولزەم بن بە یاسا خەرجی بکەن، بەڵام ئەوە تا ئێستا ئەو پارەیە هەر خەرج نەکراوە و لەلایەن حکومەتی عێراقی ماوەتەوە، ئێمەش بەردەوامین لە هەوڵ و پەیوەندی و کۆڵ نادەین تا ئەو هەق و مافە ڕەوایە بۆ جووتیانی هەرێمی کوردستان وەردەگرینەوە.

*** ئایا پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ی حکومەتی عێراقی ڕەوانەی پەرلەمان کراوە و بۆچی تا ئێستاکە پەسند نەکراوە و چۆن مامەڵە سەبارەت بە بودجە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرێت؟**

پێویست بوو پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ سەرۆك وەزیران پێش ئەوەی دەست لەکار بکێشتەوە و حکومەت ببێتە کاربەڕێکەر بۆ پەرلەمانی بنێرێت، هەر چەندە ئێستا لە پەرلەمان دەسەڵات دراوەتە حکومەت پڕۆژە یاساکەی بودجەی ٢٠٢٠ بۆ پەرلەمان بنێرێت، بەڵام دیسان باوەڕ ناکەم حکومەت پڕۆژەکە بنێرێت بۆ پەرلەمان، چونکە حکومەتەکە کاربەڕێکەرە و لە کاتێکدا حکومەتێکی دیکەش بێت، بۆی هەیە بڵێت ئەو پڕۆژە یاسایە هی من نییە و ناتوانم جێبەجێی بکەم، بۆیە ئەم حاڵەتی پەسندنەکردنی بودجەیە زۆر ئاساییە و پێشتریش ئەو حاڵەتە هەبووە و یەك لەسەر دوانزدەی بودجەکە بۆ هەرێمی کوردستان خەرج کراوە کە دەکاتە هەموو ئەو خەرجییانەی کە ساڵی ڕابردوو سەرف کراوە و ئەمساڵیش هەمان بەش دەبێت خەرج بکرێت، تەنیا بودجەی وەبەرهێنان ناتوانرێت خەرج بکرێت، واتە هەموو خەرجییەکی بودجەی بەگەڕخستن کە بودجەی ئاسایی پێ دەگوترێت، بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیشەوە دەبێت خەرج بکرێت کە ئەمەش یاساییە، بۆیە دڵنیایی دەدەینە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە هیچ مەترسییەك لەسەر بڕینی مووچەکانیان نییە بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و هەر وەك ساڵی ڕابردوو بەردەوام دەبێت.

**بڕی (٥٧٥) ملیار دیناری جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەلای حکومەتی عێراق ماوەتەوە، ئەمەش زوڵمێکی زۆر گەورەیە کە لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان کراوە**

**پێویست بوو پڕۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٠ سەرۆک وەزیران پێش ئەوەی دەست لەکار بکێشتەوە و حکومەت ببێتە کاربەڕێکەر بۆ پەرلەمانی بنێرێت**

**خەرجنەکردن و ڕاگرتنی پێدانی پارەکە بە جووتیارەکان بە بڕیارێکی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی ئەو کات بووە**

**باوەڕ ناکەم حکومەت پڕۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمان بنێرێت، چونکە حکومەتەکە کاربەڕێکەرە و لە کاتێکدا حکومەتێکی دیکەش بێت، بۆی هەیە بڵێت ئەو پڕۆژە یاسایە هی من نییە و ناتوانم جێبەجێی بکەم**

# مەرجەعییەتی ئایینی و دیموکراسی

ئاساییە کە لە تایفەیەکی دیاریکراو بیت و باوەڕت بە ئایینزایەکی دیاریکراو هەبێت، بەڵام ئاسایی نییە کە تایفەگەر، یان ئایینزایی بیت، جیاوازییەکەش ئەوەیە کە تایفەگەر تایفەکەی خۆی بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت، ئەوەی دیکەش بە گومڕایەکی ڕەوا، بۆیە هەندێك لەوانە ناویان لە خۆیان ناوە عەسائبی ئەهلی حەق، ئەمەش بەو واتایەی ئەوەی دیکە عەسائبی ئەهلی ناحەقە، ئەم دۆخە تایفییە تەنیا لای موسڵمانان نییە، بەڵکو لای ئایینەکانی دیکەش هەیە، لە ئایینی یەهوودی و مەسیحی و بووزی و هیندۆسیشدا ئەم جۆرە بیرکردنەوە تایفەگەرییە هەیە، تا ئەو ڕاددەیەی تاوان بەرامبەر تایفەکانی دیکە لە هەمان ئاییندا دەکرێت. با نەچینە نێو بەراوردی ئایین و ئایینزاکانەوە، با جەخت لەسەر دۆخی ئیسلام بکەینەوە، کە دەبینین تایفەگەری ماڵوێرانی و کاولکاری و گەندەڵی و ڕق و کینەی لە نێو کۆمەڵگەکانماندا خستۆتەوە، چونکە لە بنەڕەت و ڕاستیدا کولتووری ڕق و کینە و بوغزاندنی بەرامبەر دەچەسپێنێت، تەنانەت دەگاتە قۆناغی یەکدی سڕینەوە و لە ناوبردن، چونکە تایفەگەری زیاتر جەخت لەسەر دۆسێیەکانی ڕابردوو دەکاتەوە، نەك ئامانجەکانی داهاتوو، شوێنکەوتووی ئەو ئایدیایە لە مێژوو دەکۆڵێتەوە، تاکو تۆڵە بسەنێتەوە و دادگایی بکات، نەك بۆ ئەوەی سوودوەربگرێت و فێربێت، کەسی وا تەنیا لە سەردەمەکانی ڕابردوودا دەبووژێتەوە و لە پەرەسەندنەکانی ئایندەدا دەپووکێتەوە، تایفەگەری کە هاتە هەر وڵاتێکەوە کاولی دەکات، یان کە پەیدا بوو گەندەڵی دەکات، ئەزموونی تاڵ و شکستخواردوومان لەبەرچاوە لە سووریا و لوبنان و یەمەن و ئەفغانستان و عێراق و وڵاتانی دیکەی موسڵمان، کە تایفەگەری لە نیشتمان و دەوڵەت و دەستوور پیرۆزتر بوو، ئایا ماقووڵە هاووڵاتییەکی عێراقی لەسەر تایفەگەری لە سووریا بکوژرێت؟ ئایا ماقووڵە هاووڵاتییەکی پاکستانی لەسەر پشتگیریکردن لە تایفەگەری لە یەمەن بکوژرێت؟ ئایا ماقووڵە عەرەبێك لە ئەفغانستان لە پێناو زیندووکردنەوەی تایفەگەری بکوژرێت؟

لە سەرکردەیەکی تایفەگەری عێراقییان پرسی: ئەگەر خوانەخواستە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران ڕوویدا، تۆ لەگەڵ کێ دەبیت؟ گوتی: لە ژێر ئاڵای ولایەتی فەقیە دژی عێراق شەڕ دەکەم، چونکە ئەوە بیروباوەڕی منە، تایفەگەران لە هەموو شوێنێك شەڕدەکەن و لەپێناو تایفەگەریدا دەکوژن و دەکوژرێن، ئەوانە نیشتمان و سنوور و ئینتیمایان نییە، ئایین و نیشتمان و دەستوور و ئینتیمایان تەنیا تایفەگەرییە، ئەگەر بەدوای دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراسی و هاووڵاتیبووندا بگەڕێین، ئەوا تایفەگەری هەموو ئەو بنەمایانە خاپوور دەکات، بۆیە ئێمەش ئامادە نین لە دەوڵەتێکی تایفەگەریدا بژین کە درووشمەکەی بژی ڕابردوو و بمرێ داهاتوو بێت، تەنانەت هەر کەسێك ژیانێکی سەربەرز و بەختەوەر و سەقامگیری بۆ وڵاتەکەی بوێت، دژی تایفەگەری دەوەستێتەوە، چونکە ژیان و بەختەوەری و سەقامگیری و خواست و ئامانجەکانمان لێ تێك دەدات، ئایا وڵاتێکت دیوە تایفەگەریی تێدا بێت، یان ڕووی تێکردبێت و ئەو وڵاتە سەقامگیر بێت؟ یان کردوویەتە دۆزەخ؟ بۆیە ململانێی نێوان تایفەگەران و مەدەنیخوازان هەر بەردەوام دەبێت و تەنیا بە لەناوبردنی تایفەگەری کۆتایی دێت، مەبەستمان لەناوبردنی تایفە نییە کە هەر ماوەتەوە، چونکە بیروباوەڕی گەلێکی دیاریکراوە کە پێویستە ڕێزی لێ بگیرێت، لە زۆر وڵات تایفەگەری مایەپووچ بووە، ڕووی قێزەوەنی داماڵدراوە، بەتایبەتیش لە عێراق و لوبنان.

عێراقییەکان دوای شازدە ساڵ دەرکیان بەوە کرد کە لەلایەن تایفەگەرانەوە بە ناوی تایفەوە تەفرە دراون، لە لوبنان، یەمەن، سووریا، ئەفغانستان و وڵاتانی دیکەی موسڵمان ڕووی ڕاستەقینەی تایفەگەری ئاشکرا بووە، دیارە تایفەگەرییش بەرهەمی ولایەتی فەقیە بووە، ئەگەر ئەم ولایەتە نەبووایە تایفەگەرییش نەدەبوو، تایفەگەری بەرهەمی ولایەتی فەقیە (مەرجەعییەتی قسەکەر)ە و کاتێك ولایەتی فەقیە قسە لە هەموو کاروبارێکی سیاسی و دەوڵەتدا دەکات، تایفەگەری بەرهەم دەهێنێت، چونکە تەنیا گرنگی

**لە سەرکردەیەکی تایفەگەری عێراقییان پرسی: ئەگەر خوانەخواستە شەڕ لەنێوان عێراق و ئێران ڕوویدا، تۆ لەگەڵ کێ دەبیت؟ گوتی: لە ژێر ئاڵای ولایەتی فەقیە دژی عێراق شەڕ دەکەم، چونکە ئەوە بیروباوەڕی منە**

**ئێمەش ئامادە نین لە دەوڵەتێکی تایفەگەریدا بژین کە درووشمەکەی بژی ڕابردوو و بمرێ داهاتوو بێت**



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
بەرپرسی کاروباری عێراق لە بارەگای بارزانی

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بە کاروباری تایفەکەی دەدات و هیچ بایەخێك بە کاروباری تایفە و ئایین و نەتەوەکانی دیکە نادات، سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و پەرلەمانتاران و وەزیران و پارێزگاران هەر دەبێ لەو تایفەیە بن، بۆیە زۆر لە مەرجەعە مێژوویی و ئایینیەکانی شیعە دژی ئەو ولایەتە رەهایە بوون کە تایفەگەری دەچەسپێنێت و هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئایینی دەکات، بەڵام مەرجەعییەتی ئایینی لە نەجەف (مەرجەعییەتی بێدەنگ) لە سەروویانەوە بەڕێز عەلی سیستانی بە توندی دژی ولایەتی فەقیە وەستایەوە، ئەو دەست وەرناداتە کاروباری دەوڵەت و سیاسەت، بەڵکو پەیامەکەی بریتییە لە ئامۆژگاری و رێنوێنی لە رێگەی گوتارەکانی رۆژی هەینی، یان فتواکانەوە کە ناوبەناو دەردەچن، هەرچەندە تێبینی دەکەم پەرەسەندنێك لە دەستێوەردان لە کاروباری سیاسیدا هەیە، ئەمەش مژدەبەخش نییە، چونکە مەرجەعییەت شوێنی ئاسایی خۆی لە بواری فیقە و شەرع و ئاییندایە، بە راستی دەڵێم کە هەندێ سیاسەتمەدار مەرجەعییەت پەلکێش دەکەنە نێو سیاسەتەوە، هەندێ جار لە حاڵەتی ئەوپەڕی نائاساییدا کاتێ وڵات رووبەڕووی هەرەس و لێکهەڵوەشان دەبێتەوە، دەستێوەردان دەکات، بەڵام بە بۆچوونی من دەبێ مەرجەعییەتی ئایینی پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات، چونکە هەر کە دەستی لە سیاسەت وەردا، ئیدی بەوە سەیردەکرێت وەك بڵێی ولایەتی فەقیهە، ئەو کاتە قورسایی ئایینی و کۆمەڵایەتیی خۆی لەدەست دەدات، سوننە رێز لە مەرجەعییەتی خۆیان دەگرن، چونکە مەرجەعییەتێکی ئایینییە بۆ تایفەیەکی دیاریکراو، بۆیە چاو لە ناسنامەی مەرجەعی ئایینی دەپۆشن، چ پاکستانی، یان ئەفغانی، یان ئێرانی بێت، بەڵام کاتێك دەست لە کاروباری دەوڵەت و سیاسەت وەردەدەن، ئەو کاتە گرنگی بە ناسنامەی مەرجەعییەت دەدەن، زمان حاڵیان: چۆن پیاوێکی ئێرانی، یان ئەفغانی، یان یەکێکی دیکە بۆی هەیە دەست لە کاروباری سیاسی وەربدات، تەنانەت ئەگەر تایفەکانی دیکە بایەخ بە مەسەلەی مەرجەعییە ئاینییەکان نەدەن، بەڵام ئەوەش رێیان لێ ناگرێت کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی مەرجەعییەتە ئاینییەکانی دیکەی تایفەکانی دی رێگەیان پێ بدەن.

بۆیە تاکو لەو مشتومڕە قووڵ و بێ بنە رزگارمان بێت، پێویستە ئایین لە دەوڵەت جیا بکەینەوە، نەك لەبەر ئەوەی ئایینمان ناوێت، بەڵکو ئایین ژیانە، ژیانیش نییە بۆ ئەو کەسەی ئایینی نەبێت، بەڵام بۆ ئەوەی ئایین لەلایەن هەندێکەوە بۆ مەرامی سیاسی نەقۆزرێتەوە، هەروەك روویداوە و ئێستاش بەردەوام لە جیهانی ئیسلامیدا روودەدات کە (ئەم جیاکردنەوە و جیاکارییە سوننە و شیعەش پێکەوە دەگرێتەوە) مەرجەعییەتی ئایینیی رەسەن بە درێژایی مێژووی شیعە دەستی لە سیاسەت وەرنەداوە، بەڵکو پەیامەکەی ئایینی و فیقهی و شەرعی بووە، بەتایبەتیش مەرجەعییەتی نەجەف، هەموو ئەوانەی دەستیان لە سیاسەت وەرداوە لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی شیعە بوون، ئەمەش بۆ سوننەش هەر وایە، زانایانی سوننە پەیامەکانیان لە مزگەوتەکان بووە، لەوێ نەچوونەتە دەرەوە، ئەوانەیشی ئەو پەیامەیان بردۆتە دەرەوە لایەنگرانی ئیسلامی سیاسیی سوننە بوون، دیارە ئیسلامی سیاسی بە هەردوو لقیەوە (سوننە و شیعە) شکستی هێناوە و دواکەوتوویی و بێ سەروبەریی بۆ ناوچەکە هێناوە، تەنانەت کاتێ ئیسلامی سیاسی چووبێتە وڵاتێکەوە ئەوا ناسەقامگیری رووی تێ کردووە..

ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بیڵێم، ئەوەیە کە دەستێوەردانی مەرجەعییەتی ئایینی لە کاروباری دەوڵەت و سیاسەت لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مەدەنییەت ناکۆکە، بە تێپەڕبوونی کاتیش ئەو دەوڵەتە دەبێتە دەوڵەتێکی ئایینیی ئایدیۆلۆجی، ئەوەش بێگومان و بە دڵنیاییەوە هەڕەشە لە ئایندەی پرۆسەی سیاسی و چارەنووسی دەوڵەتی نیشتمانی دەکات، بە پێی دەستووریش عێراق وڵاتی پێکهاتەکانە بۆیە پێکهاتە و تایفە و ئایین و نەتەوەکانی دیکەش رازی نابن لە دەوڵەتێکی تاك ئایینی و تایفەگەردا بژین و بمێننەوە.

**زۆر لە مەرجەعە مێژوویی و ئایینیەکانی شیعە دژی ئەو ولایەتە رەهایە بوون کە تایفەگەری دەچەسپێنێت و هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و پێکەوەژیانی ئایینی دەکات**

**ئیسلامی سیاسی بە هەردوو لقیەوە (سوننە و شیعە) شکستی هێناوە و دواکەوتوویی و بێ سەروبەریی بۆ ناوچەکە هێناوە**

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی
پرۆفیسۆری پلاندانان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕۆتگێرز بۆ گوڵان:

# لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا نابێت چاوەڕوانی چارەسەرێکی ئاسان بین

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی پرۆفیسۆرە لە سکوڵی ئیداورد بلاوستین بۆ پلاندانان و سیاسەتی گشتی لە زانکۆی ڕۆتگێرز و دامەزرێنەری سەنتەری شرۆڤەکاری و توێژینەوەی ئێرانە، هەروەها دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە کە ڕێکخراوێکی توێژینەوەی قازانج نەویستە. ئەمیرئەحمەدی پێشتریش لە هەمان زانکۆ بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە. لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی دیاریکراو دەدات، وەك: پلاندانان و سیاسەتی پەیوەست بە پەرەپێدانی ئابووری نیشتمانی، بە جیهانیبوون و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە پەیوەندییەکان، یان گرژی و کێشەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران، بەتایبەتی لە دوای پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە و ئایندە و ئەگەرەکانی ئەو پەیوەندییانە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییەی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێران دەڕوانیت و ئایا لە ئێستادا ڕەوتی ڕووداوەکان ناوچەکە بەرەو کوێ دەبات؟**

- لەم بارەیەوە ئەوەی دەکرێت بیلێین ئەوەیە کە لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیرانە بارودۆخەکەی بەرەو هەڵکشان برد و گەمەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئێراندا کرد، لە ئێستاشدا لە سەر ئەم رەوتە بەردەوامە. ئاشکرایە ئەم هەڵکشانەش کاریگەریی خراپی لەسەر ئێران دروست کردووە و رۆژ بە رۆژ ئەو وڵاتە هەست بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەکات، بە چەشنێك دەتوانین بڵێین ئەوەی ئێستا روودەدات بارودۆخێکی تەواو نوێیە بۆ ئەو وڵاتە و من نازانم چۆن دەتوانن بارودۆخەکە کۆنتڕۆڵ بکەن. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی بارودۆخەکە پشێوی باڵی بەسەردا کێشاوە و زۆر کەس هەوڵی ئەوە دەدەن کە بۆیان روون ببێتەوە. کێ چ گەمەیەك دەکات، چونکە بە راستی چەندین گەمەکار و کاراکتەری ناوخۆیی و دەرەکی، حکوومی و ناحکوومی هەن کە رۆڵ و کاریگەرییان لە سەر بارودۆخەکە هەیە. هەروەها پێم وایە بارودۆخەکە بەردەوام کاریگەریی خراپی لە سەر ئێران دەبێت. چونکە ئێران ویستی بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان لە سەری بگاتە رێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام پێم وایە ئەو هەوڵانە دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێ کەوتەوە.

*** ئاشکرایە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە دژی ئێران هەڵمەتی ئەوپەڕی فشاری گرتۆتەبەر، ئایا پێت وایە پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە ئاماژە بوون بەوەی ئەم رێگاچارەیە نەیتوانیوە دەرئەنجامی خوازراو بەدەست بهێنێت؟**

**لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ژیرانە بارودۆخەکەی بەرەو هەڵکشان برد و گەمەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئێراندا کرد**

**ئێران ویستی بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان لە سەری بگاتە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا، بەڵام پێم وایە ئەو هەوڵانە دەرئەنجامی پێچەوانەیان لێ کەوتەوە**

**ئیدارەی ترەمپ لە یەک کاتدا لەسەر هەر سێ بواری سەربازی و سزا ئابوورییەکان و ئەگەری گفتوگۆکردن کار دەکات**

**گفتوگۆی پشت پەردە هەبوون و ئەمریکاش لەگەڵ حکومەتی ڕۆحانی ئەم گفتوگۆیانەی کردووە**

**پێم وانییە بەرهەڵستکارانی ئێران مەترسییەکی ئەوتۆ، یان جددی دروست بکەن، لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕێکخستن و خاوەنی داراییش نین**

- ئێمە دەزانین کە هەمیشە ئیدارەی سەرۆک ترەمپ لە سەر سێ ڕەهەند کاری کردووە، یەکەمیان پەیوەست بووە بە ئامادەیی ئەم ئیدارەیەوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، دووەم بریتی بووە لە هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار، هەروەك ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێ کرد، کە ئەمەش لە بنەڕەتدا بە مانای فشار و سزای ئابووری دێت، ڕەهەندی سێیەم کە سەرنجێکی کەمتری لە سەرە، بریتییە لە ڕەهەندە سەربازییەکە، کە هەندێ جار ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی ڕاستەوخۆ ئۆپەراسیۆن و کردارێکی سەربازی ئەنجام دەدات، کە هەندێکیان دژی ئەو گرووپ و لایەنانەی سەر بە ئێرانن و هەندێ جاریش دژ بە کەسانی سەر بە ئێرانە، هەروەك ئەوەی لە کوشتنی قاسم سولەیمانی بینیمان، هەندێ جاریش پشتیوانی لە هەندێ گرووپی دیاریکراو دەکات، کە دژی ئێرانن، واتە لەم ڕووەوە پارسەنگییەك دروست دەکات لەبەرامبەر بەکارهێنانی ئێران بۆ هەندێ گرووپ لە ناوچەکەدا لە پێناو برەودان بە سیاسەتەکانی خۆی، کەواتە ئیدارەی ترەمپ لە یەك کاتدا لەسەر هەر سێ بواری سەربازی و سزا ئابوورییەکان و ئەگەری گفتوگۆکردن کار دەکات.

*** ئێوە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئیدارەی ترەمپ لە دژی ئێران پەنا بۆ فشار و سزای ئابووری و ئۆپەراسیۆنی سەربازییش دەبات، لە هەمان کاتدا ئامادەی گفتوگۆشە، ئایا پێت وایە ئەم شێوازی کارکردنەی ترەمپ ئێران ناچار بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ؟**

- بە داخەوە لە ئێستادا زۆر دژوار بووە، ئەگەر نەڵێین مەحاڵ بووە کە ئێران بتوانێت پێشنیارێك بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ، یان پێشنیاری چارەسەرێکی دیپلۆماتی لەبەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخاتەڕوو. لە هەمان کاتدا ئێمە دەزانین کە گفتوگۆی پشت پەردە هەبوون و ئەمریکاش لەگەڵ حکومەتی ڕۆحانی ئەم گفتوگۆیانەی کردووە، بەڵام لە ئێراندا سوپای پاسداران و لایەنە سەختگیرەکانی دیکە هەن، کەواتە لە ئێستادا ڕوون نییە کە دەرئەنجامی ئەم گەمەیە چی دەبێت، هەرچۆنێك بێت پێم وایە درەنگ یان زوو لە ئێراندا ململانێیەك بەدی دەکرێت لە نێوان ئەوانەی پێیان دەوترێت شۆڕشگێڕەکان، یان سوپای پاسداران و سەختگیرەکان و ئەوانەی پێیان دەوترێت لیبراڵەکان و حکومەتی ڕۆحانی، یان ئەوانەی پێیان دەوترێت باڵی ریفۆرمخوازەکان. حاڵی حازر ئەم ململانێیە لە ئارادایە و درێژەی هەیە و بەردەوامە، پێم وایە لە مانگەکانی داهاتوودا ئەنجامی ئەو ململانێیە یەکلا دەبێتەوە، چونکە هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەو وڵاتەدا بەڕێوەدەچێت و دواتر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییش ئەنجام دەدرێت. کەواتە پێم وایە ئەم ململانێیە گەورەترین کاریگەریی دەبێت، چونکە کاریگەرترین ململانێیە لە نێو وڵاتەکەدا و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا بەڕێوەدەچێت، پێم وانییە بەرهەڵستکارانی ئێران مەترسییەکی ئەوتۆ، یان جددی دروست بکەن، لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕێکخستن و خاوەنی داراییش نین، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە نێو خەڵکدا ڕێکخستنی نییە. کەواتە ئەگەر ئێمە ململانێی نێوان سەختگیرەکان و میانڕەوەکان لەبەرچاو بگرین، لە هەمان کاتدا پێکهاتەی سەربازیی ئەو وڵاتە لەبەرچاو بگرین، وەك سوپای پاسداران و هێزی پۆلیس کە بە هەزاران و بگرە سەتان هەزار خەڵکیان تێدایە کە ئەمانەش پێکهاتەی بەهێزن، ئەوا هەموو ئەمانە وامان لێدەکەن کە بە نیگەرانییەوە لە دۆخی ئێران بڕوانین.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە ئێران توانیویەتی پەرە بە دەستڕۆیشتوویی و ڕۆڵی خۆی بدات لە ناوچەکەدا، ئایا پێت وایە دوایین پەرسەندنەکانی ئەم دواییە ئێران ئەوەیە کە سڵ دەکاتەوە، یان چیتر ناتوانێت بە چەشنی رابردوو لە ناوچەکەدا پەرە بە ڕۆڵی خۆی بدات؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وانییە ئێران لە پێگەیەکی ئابووریی ئەوتۆدا بێت کە بتوانێت درێژە بەم ڕۆڵە بدات، لە هەمان کاتدا لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانێت کۆنترۆڵی ئەو گرووپانە بکات کە وەك بەشێك لە گرووپەکانی موقاوەمە ئاماژەیان پێ دەکات، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد لە ئێستادا ئێران لە بارێکی ئابووریی لەباردا نییە



و دارایی پێویستی نییە، تەنانەت لە ئێستادا شیعەی عێراق و لوبنانیش لە ئاست ئێراندا هەڵوێستێکی دیکەیان هەیە، کەواتە ئەوەی روودەدات پەرەسەندنێکی پڕ لە پشێوییە. راستە لە ناوچەکەدا پشتیوانی بۆ ئێران لە ئارادایە، بەڵام پێم وانییە ئێران ئەو هێزە دەستڕۆیشتووە بێت کە پێشتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وێنای دەکرد، واتە راستە رۆژگارێك هەبوو کە ئێران زۆر دەستڕۆیشتوو بوو، بەڵام پێم وایە ئەو دەستڕۆیشتوویییەی لە دەست داوە، هەرچۆنێك بێت ئێمە نازانین داهاتوو چی لە هەگبەدایە.

*** کەواتە پێت وانییە لە ئێستادا هیچ دەرفەتێك هەبێت بۆ ئەوەی ئێران و ئەمریکا لە رێی دانوستاندن و بە شێوەیەکی ئاشتییانە کۆتایی بە ململانێ و کێشەکانی نێوانیان بهێنن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم ململانێیە بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت، چونکە ئێمە دەزانین کە رابەری باڵای ئێران (ئایەتوڵا خامنەئی) رایگەیاند کە ململانێی نێوان ئێمە و ئەمریکا ئەو کاتە کۆتایی پێ دێت کە ئەگەر یەکێك لە ئێمە (کۆماری ئیسلامی ئێران)، یان ئەوان (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بوونی نەمێنێت. کە من نازانم ئایا بەم نزیکانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەناو دەچێت، یان نا، کەواتە ئەوەی لە ئارادایە بریتییە لە دۆخێکی زۆر دژوار. لەبەر ئەوە نابێت چاوەڕوانی چارەسەرێکی ئاسان بین، کەواتە تێڕوانینەکەی ئایەتوڵا خامنەئی راستە کە ئەم ململانێیە کۆتایی نایەت تاوەکو یەکێك لەم دوو وڵاتەدا لە ناو نەچن، پرسیارەکەش ئەوەیە ئێران چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە ئەمریکا لە ناو بچێت؟ لە هەمان کاتدا پێناچێت ئێران لە دۆخێکدا بێت کە ئامادەی دەستەبەردار بوون بێت. هەرچۆنێك بێت ئێران لە ئێستادا لە دۆخێکی مەحاڵدایە.

**پێم وانییە ئێران لە پێگەیەکی ئابووریی ئەوتۆدا بێت کە بتوانێت درێژە بەم رۆڵە بدات، لە هەمان کاتدا لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانێت کۆنترۆڵی ئەو گرووپانە بکات کە وەک بەشێک لە گرووپەکانی موقاوەمە ئاماژەیان پێ دەکات**

پاوڵ کوادرۆس

پرۆفیسۆری سکوڵی هەسمان بۆ رۆژنامەگەری و راگەیاندن لە زانکۆی نۆرس کالیفۆرنیا بۆ گوڵان:

# کێشەی سەرەکی لە ئێستادا ئەوەیە چۆن رۆژنامەگەری بتوانێت متمانەی رای گشتی بەدەست بهێنێت

پاوڵ کوادرۆس پرۆفیسۆرە لە سکوڵی هەسمان بۆ رۆژنامەگەری و راگەیاندن لە زانکۆی نۆرس کالیفۆرنیا، وەك نووسەر و رۆژنامەنووسێکی لێکۆڵینەوە بۆ نیویۆرك تایمز، هەفتیگتۆن پۆست، تایم مەگەزین کاری کردووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی گرنگی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بەو ئاستەنگ و دژوارییانەی لە ئێستادا رووبەڕووی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن بوونەتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئایا چۆن رۆژنامەگەری دەتوانێت درێژە بە کار و ئەرکی خۆی بدات و ئایا دروستبوونی سۆشیال میدیا چ شتێکی لە واقیعی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن گۆڕیوە.؟

# دیمانەی تایبەت



*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجەکەوە چیتر ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدی ناتوانن ئەرکی چاوەڕوانکراوی خۆیان ئەدا بکەن، بە تێڕوانینی ئێوە گرنگترین و قورسترینی ئەو کێشانە چین کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەگەری بوونەتەوە؟**

- بە تێڕوانینی من لە ئێستادا ئەو کێشە سەرەکییەی ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەگەری بۆتەوە پەیوەستە بە پرسی متمانەوە، مەبەستم ئەوەیە ئایا ڕۆژنامەگەری دەتوانێت پەیوەندییەکی متمانەئامێز دروست بکات لە نێوان ئەو کارەی دەیکات، هەروەها سەرچاوەکانی لەگەڵ گوێگر، یان خوێنەر، یان بینەرەکانی، بە واتایەکی دیکە ئایا خوێنەران متمانە بە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەگەرییەکان دەکەن؟ لە ڕاستیدا هۆکاری ئەم پشێوییە و نەمانی پەیوەندییش ئەوەیە کە لە ئێستادا کۆمپانیاکان ئەم کارە دەکەن و ئەمەش هەلومەرجێکی خوڵقاندووە، کە حکومەت بتوانێت سوود لەم بارە پشێوییە و لە بڵاوبوونەوەی زانیارییە ناڕاستەکان وەربگرێت، ئەویش لە پێناوی سەرلێشێواندنی خەڵکی تاوەکو نەزانن متمانە بە چ زانیارییەك بکەن.

*** پێت وانییە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاش لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەبووە و هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانکارییە بەسەر ڕەوشی ڕۆژنامەگەریدا بێت؟**

- بە دڵنیاییەوە کاریگەری هەبووە، تەکنەلۆژیا بۆ ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن چەکێکی دوو دەم بووە، بەو مانایەی کە وەك ئامرازێك بەکارهێنراوە

**تەکنەلۆژیا بۆ ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن چەکێکی دوو دەم بووە، بەو مانایەی کە وەک ئامرازێک بەکارهێنراوە بۆ برەودان بە کاری ڕۆژنامەگەری، لە هەمان کاتدا بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی بێمتمانەیی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست**

بۆ برەودان بە کاری ڕۆژنامەگەری، لە هەمان کاتدا بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی بێمتمانەیی و بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست.

*** ئایا ئەم تەحەددی و دژواری و بارودۆخە نوێیە تا چ رادەیەك کێشە و بەربەستییان بۆ ڕۆژنامەگەری دروست کردووە، بۆ ئەوەی نەتوانێت ڕۆڵی تەقیلدیی خۆی وەك چاودێرێك ببینێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەم رەوشە نوێیە کاریگەریی لەسەر کار و وەزیفەی ڕۆژنامەگەری لە بواری چاودێریدا دەبێت، هەرچۆنێك بێت لە ئێستادا کاری ڕۆژنامەگەری بەردەوامە و هەندێ لە کارە ڕۆژنامەگەرییەکانیش کاریگەری لەسەر خەڵکی دروست دەکەن و کاردانەوەیان تێدا دروست دەکەن و بگرە رەنگە هۆکارێك بن بۆ گۆڕینی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەش. لەگەڵ ئەوەشدا کێشەکە ئەوەیە بە هۆی ئەوەی لە ئێستادا و لە تێکڕای ٢٤ سەعاتدا بە بەردەوامی هەواڵ بڵاو دەبێتەوە، ئەوا رەنگە هەواڵی گرنگیش هەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی زانیاریی دیکەی لەگەڵدا تێکەڵ دەبێت، ئەوا رەنگە دەرئەنجامی خوازراوی لێ نەکەوێتەوە.

*** لە ئێستادا ئەوەی ناکرێت نکۆڵی لە ڕۆڵی بکرێت، ئەوەیە کە پێی دەوترێت سۆشیال میدیا، بەتایبەتی فەیسبووك و تویتەر کە ناکرێت کاریگەریی ئەمانە نادیدە بگرین، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت فەیسبووك و تویتەر وەك ڕۆژنامەگەریی تەقیلدی سەیر بکەین؟**

- من پێم وانییە، بەتایبەتی کێشەی فەیسبووك ئەوەیە کە ئەم کۆمپانیاییە کۆت و بەند دانانێت لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کارە ڕۆژنامەگەری و راگەیاندنانەی کە لەسەر بنەمای زانیاری دانەڕێژدراون، ئەمەش بۆ سۆشیال میدیا بە گشتی دروستە، واتە ئەگەر کۆمپانیایەك هەبێت و بڕیار بدات ناوەڕۆکی کارە ڕۆژنامەگەری و راگەیاندنەکان رێك نەخات، بەتایبەتی لە سەروەختی هەڵمەتە سیاسییەکاندا بە چەشنێك زانیاریی بێ بنەما و ناڕاست بڵاو ببنەوە، ئەوا بە راستی تۆ ناتوانیت وەك سەرچاوەیەکی باشی زانیاری متمانە بەو دەزگایە بکەیت.

*** لە ئێستادا دەستەواژەیەکی باو هەیە کە بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار دەهێنرێت، کە بریتییە لە هەواڵی ساختە (فەیك نیوز) ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و هەڵسەنگاندنتان چییە بۆی؟**

- کێشەکە ئەوەیە لە ئێستادا خەڵکانێکی زۆر هەن کە ئەم هەواڵە ساختانە بەکار دەهێنن و توانیویانە راگەیاندن بەکار بهێنن بۆ گەمەکردن بە هەست و هۆشی خەڵکی، مەبەست ئەوەیە حکومەت و سیاسییەکان هەوڵ دەدەن هەمیشە هەنگاوێك لە پێش راگەیاندنەوە بن و راگەیاندن بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان، یان کارێك بکەن پەیامی دروستی راگەیاندن تەڵخ بکەن و بیشارنەوە، دەرئەنجامی ئەمەش ئەوە دەبێت کە رای گشتی نازانن متمانە بە کێ و بە چ لایەنێك بکەن، کێشەکەش ئەوەیە کاتێك نەزانیت متمانە بە کێ بکەیت، ئەوا رەنگە متمانە بە هەموو کەسێك بکەیت، ئەمەش ئەو جیهانەیە کە ئێستا ئێمە ژیانی تێدا دەگوزەرێنین.

*** ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیە بێت کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، ئایا ڕۆژنامەنووسان و راگەیاندنکاران دەتوانن لەم بارەیەوە چی بکەن؟**

- بە رای من پێویستە ڕۆژنامەنووسان هەوڵبدەن درێژە بە کاری چاودێریی خۆیان بدەن و هەوڵ بدەن پتر پەیامەکەیان بڵاو بکەنەوە، دەبێت ڕۆژنامەنووسان کار لەسەر دروستکردنی پردی متمانە بکەن لە نێوان ڕۆژنامەگەری و رای گشتیدا و بوێری ئەوەیان تێدا بێت کە پەردە لەسەر ئەو گەمەپێکردنەی حکومەت و سیاسییەکان هەڵبماڵن.

*** هەندێ جار دەبینین کە خودی سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) ئەم دەستەواژەیە بەکار دەهێنێت و کاری ڕۆژنامەگەری و راگەیاندنی وڵاتەکەی بە ساختە و بێ بنەما وەسف دەکات، پێت وایە ئەمە هەوڵێك بێت بۆ لەباربردنی متمانە و میسداقییەتی ڕۆژنامەگەری لە چاوی خەڵکدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئامانج و پلانەکە بریتییە لە لەناوبردنی میسداقییەتی ڕۆژنامەگەری، کە ئەگەر ئەمەشی بۆ بچێتەسەر، ئەوا دەتوانێت ئامراز و دەزگاکانی راگەیاندن تەنیا بۆ بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بەکار بهێنێت. لە راستیدا ئەمە تەنیا پەیوەست نییە بە ئیدارەی ئێستای ئەمریکاوە، بەڵکو ئەمە حاڵەتێکی

**کێشەی فەیسبووک ئەوەیە کە ئەم کۆمپانیاییە کۆت و بەند دانانێت لەسەر بڵاوکردنەوەی ئەو کارە ڕۆژنامەگەری و راگەیاندنانەی کە لەسەر بنەمای زانیاری دانەڕێژدراون**

**حکومەت و سیاسییەکان هەوڵ دەدەن هەمیشە هەنگاوێک لە پێش راگەیاندنەوە بن و راگەیاندن بەکاربهێنن بۆ گەیاندنی پەیامی خۆیان**

**کێشەکە ئەوەیە کاتێک نەزانیت متمانە بە کێ بکەیت، رەنگە متمانە بە هەموو کەسێک بکەیت، ئەمەش ئەو جیهانەیە کە ئێستا ئێمە ژیانی تێدا دەگوزەرێنین**

**دەبێت ڕۆژنامەنووسان کار لەسەر دروستکردنی پردی متمانە بکەن لە نێوان ڕۆژنامەگەری و رای گشتیدا و بوێری ئەوەیان تێدا بێت کە پەردە لەسەر ئەو گەمەپێکردنەی حکومەت و سیاسییەکان هەڵبماڵن**




دیـار و بەرچـاوە لـە نێـو دەسـەڵاتدار و سـەرکردە خۆسـەپێنەکانی دیکـەی جیهانـدا. هەمـوو ئەمـەش لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانـی ئـەم سـەرکردانەدایە بۆ بەکارهێنانی راگەیانـدن بۆ مەرامـی سیاسی، یـان بـۆ پڕوپاگەندەکـردن.

*** بـەڵام هەنـدێ جار خـودی سـەرۆك دۆناڵـد ترەمـپ راگەیاندنی بـە دوژمنـی گـەل ناوبـردووە، ئێـوە لـەم بارەیـەوە چـی دەڵێـن؟**

- لـە راسـتیدا دۆناڵـد ترەمـپ چەندیـن سـاڵە پەیوەندیـی لەگـەڵ دەزگاکانـی راگەیاندنـدا هەیـە و ئـەو دەزانێـت چـۆن گەمـە بـەو دەزگایانـە بـکات، چونکـە ئـەو وەك بزنێسـکارێك بـۆ چەندیـن سـاڵ کاری لەگـەڵ رۆژنامـە و کەناڵـە تەلەفزیۆنییەکانـی نیویۆرکـدا کـردووە، لـەم رووەوە دەزانێـت چـۆن دەزگاکانـی راگەیانـدن بـەکار بهێنێـت. کەواتـە ئـەو پێـش بوونـی بـە سـەرۆکیش توانیویەتـی ئـەم کارە بـکات و لـە سـەروەختی سەرۆکایەتیشـدا درێـژەی بـەم رەوتـی کارکردنـە داوە.

*** خاڵێکـی دیکـەی جێـی سـەرنج ئەوەیـە کـە سەرۆك دۆناڵد ترەمـپ بـە رادەیەکی زۆر تویتـەر بـەکار دەهێنێـت، تەنانـەت هەنـدێ جـار هەواڵـی لابردنی وەزیرێکـی ئیدارەکـەش لـە رێی تویتێکـەوە بـڵاو دەکاتـەوە، ئێـوە هـۆکاری ئەمـە بۆچـی دەگەڕێننـەوە؟**

- ترەمـپ تویتـەری کردۆتـە پێگەیەکـی شەخسـی بـۆ خـۆی، یـان بـا بڵێیـن کردوویەتـە دەزگایەکی راگەیاندنی تایبەت بە خۆی، کەواتە ئامرازێکی راگەیاندنـی هەیـە کـە راسـتەوخۆ لـە رێیـەوە پەیامەکانـی خـۆی بـڵاو دەکاتـەوە، لـە هەمـان کاتـدا ئامرازەکانـی دیکـەی راگەیاندنیـش بۆ مەبەسـت و مـەرام و مانـەوەی سیاسیی خۆی بـەکار دەهێنێـت.

*** بـە شـێوەیەکی گشـتی لـەم هەلومەرجـە دژوارەی کـە رۆژنامەگـەری رووبـەڕووی بۆتـەوە، پێویستە چی بکرێت، یان دەتوانرێت چی بکرێت بـۆ بـرەودان و بەهێزکردنـی رۆژنامەگـەری؟**

- لـە راسـتیدا پێـم وایـە دەکرێـت کار لەسـەر ئاشـناکردنی رای گشـتی بکرێـت بـە کاری راسـتەقینەی رۆژنامەگـەری و راگەیانـدن، چونکـە ئێمـە چەندیـن نموونەمـان هەیـە کـە خەڵکـی نەیاتوانیـوە رۆژنامەگەریـی راسـتەقینە و پڕوپاگەندەکـردن لێـك جیـا بکەنـەوە. لەبـەر ئـەوە مـن ئـەم ئاشـناکردنە بـە پێویسـت دەزانـم و تەنانـەت پێـم وایـە پێویسـتە ببێتـە بەشـێك لـە پڕۆگرامـی خوێندنیـش. ئەویـش لـە پێنـاو ئـەوەی رای گشـتی بتوانێـت جیاکردنەوەیـەك لـە نێـوان کاری راسـتەقینەی راگەیانـدن و پڕوپاگەندەکردنـدا بـکات.



### ئەندازیار ئەکرەم ئەحمەد

بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# بە دروستکردنی ١٨ بەنداوی ستراتیژی و گەورە کە لەژێر ئەنجامدانن هەرێمی کوردستان تا ٣٠ ساڵی دیکە تووشی کێشەی کەمئاوی نابێت

**پڕۆژەی ئاودێری شەمامک – گوێر پڕۆژەیەکی ستراتیژیی ئاودێرییە لە سنووری پارێزگای هەولێر**

**ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراك هیچی لە ئاسایشی ئەمنی کەمتر نییە، لەبەر ئەوەی ئاو سەرەکیترین سەرچاوەی ژیانە و چارەسەرکردنی کێشە کەمیی ئاویش لە هەرێمی کوردستان هەمیشە لە پلانە سەرەکییەکانی حکومەتی هەرێم بووە و کاری بۆ کراوە، بەڵام هێشتا زۆر رێکاری زانستی هەن بۆ ئەوەی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی کوردستان بەفیڕۆ نەچێت و بە باشترین شێوە سوودی لێ وەربگرین، ئەمەوە چەندین پرسی پەیوەندیدار لەم دیمانەیەدا لەگەڵ ئەندازیار ئەکرەم ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتیی بەنداو و کۆگاکانی ئاوی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کراون و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گولان-ی دایەوە.**

*** هەروەك دەزانن کێشە کەمیی ئاو و هەوڵەکانی دەستەبەرکردنی ئەم سەرچاوە گرنگە هەمیشە یەکێك بووە لە خەمە سەرەکییەکانی حکومەت، کە دروستکردنی بەنداوەکانیش دەتوانێت بەشێك بێت لە چارەسەرەکە و بەشدارییەکی کارا بکات لە دابینکردنی ئەوەی پێی دەوترێت «ئاسایشی ئاو»، ئێوە چۆن لە گرنگیی بەنداوەکان دەڕوانن لەم رووەوە؟**

- دروستکردنی بەنداو بۆ چەند مەبەستێکە کە پێی دەگوترێت دروێنەی ئاو و لەوشوێنانە دروست دەکرێت کە گونجاون بەپێی سوودی ئابووری کە ئامانجی خۆی بپێکێت، لە هەرێمی کوردستان ماستەرپلانێکی بەنداوەکانمان هەیە کە (٢٤٩) شوێنی گونجاو و لەبار لەخۆ دەگرێت. بەنداو گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، لەوانە بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و ناوچەی گەشتیاری و کاری کشتوکاڵی و پاراستنی سامانی ماسی و جوانکردنی ژینگە و بۆ هایدرۆپاوەر و بەرهەمێنانی کارەبا لەسەر رووبارە سرووشتییەکان و پاراستنی ئاوی ژێر زەوی، کە لە هەموو بەنداوەکان ئەو ئامانجانە لەبەرچاو دەگیرێت. لەساڵی ٢٠٠٧ـەوە زۆر بە جددی دەستمان بە کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی بەنداوەکان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٤وە بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش کارکردن و ئەنجامدانی زۆربەی پڕۆژەکانی بەنداوەکان راوەستاوە، یان کارکردن تێیاندا سستە، بەڵام ئێستا لەدوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە کە لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەدا گرنگیی زۆری بە بواری ئاو داوە، دەستمان بە کارکردن لە پڕۆژەی بەنداوەکان کردۆتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێگەیشتنە باشەی لە ئایندەی ئاو بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە لە ساڵی ١٩٧٥ پێشبینیی کەمئاوی لە هەرێمی کوردستان کراوە و لە ساڵی نەوەتەکانەوە کەمئاوی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێکرد و زۆر بە زەقی دەرکەوت و چەندین جارە لە هەرێمی کوردستان بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و گۆڕینی کەشوهەوا کەمئاوی دووبارە دەبێتەوە، بۆیە دەبێت ئامادەکاری بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەمئاوی بکەین، بەتایبەتی لەو ساڵانەی کە بارانبارین کەمە، تاوەکو خەڵکی گوندو شوێنە دوورەدەستەکان ئاوی پێویست بۆ خواردنەوەی خۆیان و مەڕوماڵاتەکانیان دابین بکەن، تاوەکو بژێوی ژیانیشیان لە رووی ئاودێرییەوە هەبێت. لەکارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر بە روونی باسی گرنگی و پێویستیی بەنداوەکان کراوە، چونکە دروستکردنی بەنداو واتە دابینکردنی ئاسایشی خۆراك، کە ئەمەش کارێکی ئاسایشی نەتەوەیە و کە ئاسایشی خۆراکمان هەبوو، ئەوا هەموو خەڵك بژێوی خۆی دەبێت. لەو ماستەرپلانەی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان ١٨ بەنداوی ستراتیژی و ٢٢٠ بەنداوی مامناوەند و بچووکمان هەیە و، بە جێبەجێکردنی ئەو ماستەرپلانە ئاوی پێویست بۆ کشتوکاڵی هەمیشەیی دابین دەکەین و هیچ کێشەیەکمان لە ئاوی خواردنەوەش بۆ هەنوکە و دوارۆژ لە هەرێمی کوردستان نامێنێت، تا رادەیەکی باشیش بەرهەمێنانی کارەبامان لە رێگای هایدرۆپاوەر

**لە ساڵی ٢٠١٤وە بەهۆی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش کارکردن و ئەنجامدانی زۆربەی پڕۆژەکانی بەنداوەکان راوەستاوە، یان کارکردن تێیاندا سستە**

**لە دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمەوە کە لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەکەدا گرنگیی زۆری بە بواری ئاو داوە، دەستمان بە کارکردن لە پڕۆژەی بەنداوەکان کردۆتەوە**

**چەندین جارە لە هەرێمی کوردستان بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و گۆڕینی کەشوهەوا کەمئاوی دووبارە دەبێتەوە، بۆیە دەبێت ئامادەکاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کەمئاوی بکەین**

**لەو ماستەرپلانەی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان ١٨ بەنداوی ستراتیژی و ٢٢٠ بەنداوی مامناوەند و بچووکمان هەیە**

دەست دەکەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە کار لەسەر پڕکردنەوەی پێداویستیی ناوخۆ دەکەین.

*** پێشتریش چەندین جار باس لە دروستکردنی بەنداوی نوێ و نۆژەنکردنەوەی بەنداوە دروستکراوەکان کراوە، بەڵام نەتوانراوە وەک پێویست ئەم کارە ئەنجام بدرێت، بەربەستەکان چی بوون و چۆن دەکرێت بەسەریاندا زاڵ بین؟**

- بەنداو دروستکردن کارێکی زۆر ئاسان نییە، تەنیا دراسەی بەنداوێکی بچووک یەک ساڵی پێویستە و دراسەی بەنداوێکی گەورەو ستراتیژی لە نێوان ساڵێک بۆ دوو ساڵی پێویستە و ئەو بەنداوانەی لە ماستەرپلانەکەدا هەیە، دراسەی هەر هەمووی ئەنجام دراوە و لەو بەنداوانەی بڕیار بوو دروست بکرێن، تا ئێستا ١٤ بەنداوی مامناوەند و بچووک دروستکراون و ١٧ بەنداوی دیکەش کە چوار بەنداویان گەورەن لەژێر جێبەجێکردندان و ٣٠ تا ٤٠ بەنداوی دیکەش دیزاینی بۆ کراوە، چەندین بەنداوی جۆراوجۆری دیکەش لە قۆناغی ئامادەکاریدایە و ئێمە لە ئەنجامدانی بەنداوەکاندا تەنیا کێشەی کەمی و نەبوونی بودجەمان هەیە، بۆ دروستکردنی بەنداوەکان ئێستا لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکین کە پێی دەگوترێت(P.P)، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لە ڕێگای وەبەرهێنان و قەرزی درێژخایەن پڕۆژەکان جێبەجێ بکەین، بەتایبەتی بۆ پڕۆژە ستراتیژییەکان، تاوەکو سامانی ئاوی هەرێمی کوردستان بپارێزین، لەم هەوڵ و کارەشماندا بەرەوپێشەوەچوونێکی باش بەدەست هاتووە. بۆ دروستکردنی بەنداوەکانیش لە ڕێگای وەبەرهێنان و قەرزی درێژخایەن لەگەڵ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان قسە کراوە، کە ڕەزامەندی بدەن، لە پاشان بۆ ئەو مەبەستە لیژنە دروست بکرێت، تاوەکو بتوانین هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و دەرەوە بدەین، کە بێن بەشداربن لە کێبڕکێیەکی شەفاف بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی ئەو بەنداوانەی لە پلان و بەرنامەدان و هەم وەبەرهێنەران و هەم هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند دەبن.

*** ئەگەر بتوانرێت ئەم بەرنامە و ستراتیژیەتەی حکومەت جێبەجێ بکرێت، تا چەند دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە دەتوانرێت ئاوی پێویست گل بدرێتەوە، بەتایبەتی کە باس لەوە دەکرێت بە هۆی نەبوونی بەنداوی پێویستەوە ساڵانە ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوات؟**

- ئەگەر ئەو (١٨) بەنداوەی کە لە ماستەرپلانەکەدا هەیە، بتوانرێت لە ماوەی (٥ تا ٦) ساڵدا دروست بکرێت، ئەوە بۆ ماوەی (٢٠ تا ٣٠) ساڵی داهاتوو بیر لەوە ناکەینەوە کە هەرێمی کوردستان تووشی کەمئاوی دەبێت، بەجێبەجێکردنی ئەو بەنداوانەش دەتوانین ئاوی پێویست بۆ کاری کشتوکاڵی جووتیارانیش دابین بکەین، کە بە تێچوویەکی زۆر کەم و بەبێ لێدانی بیری ئاو، ئاو بگاتە سەر زەوییەکانیان، چونکە بە تەواوبوونی ئەو بەنداوانە سیستەمێکی زۆر گونجاو و باش لە ئاودێری لە هەرێمی کوردستان دێتەدی، لەلایەکی دیکەوە دەتوانرێت پڕۆژەی گەشتیاری و پاراستنی سامانی ماسی و ژینگەیەکی جوان بۆ هەرێمی کوردستان بەرهەم بێت، کە بەم هۆیەشەوە دەتوانرێت خۆشگوزەرانییەکی زۆر باش بۆ هاووڵاتیان دابین بکرێت.

*** بەرنامەتان بۆ دروستکردنی بەربەستی خاکی و بەنداوی بچووک چییە، بەتایبەتی کە لە پلانی ساڵی ٢٠١٢ بڕیار بوو ٧٨ بەربەستی خاکی دروست بکرێت و لەسەر بودجەی ٢٠١٣ی حکومەتی هەرێم و بەرنامە هەبوو بۆ دیزاینکردنی ٧٩ بەربەستی دیکەی خاکی و لە ساڵی ٢٠١٤ دیسان بڕیار درابوو ٥٨ بەربەستی دیکە بۆ گلدانەوەی ئاوی بارانبارین و کانیاوەکان دروست بکرێن؟**

- بەربەستی خاکی و پۆنت و ئەستێرک گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، هەرێمی کوردستان لەم ڕووەوە زۆر گونجاوە و تا ئێستا زیاتر لە (١٠٠) پۆنت لە شوێنی جیاجیا لە هەرێمی کوردستان



دروستکراون و سەدان بەربەستی خاکی و پۆنتی دیکەش بەڕێوەن و لەهەندێ شوێن جووتیاران خۆیان ئەو جۆرە پڕۆژانە بۆ گلدانەوەی ئاو و ئاودێری ئەنجام دەدەن و ئەمەش وەك لایەنی پەیوەندیدار هاوکاری و پشتیوانییان دەکەین لە پێدانی زانیاری و تەکنیکی و پێداویستیی لۆجستێکی و کەلوپەلی پێویست و بەم هاوکاری و هەماهەنگییانە، ئەم جۆرە پڕۆژانە قۆناغی باشی بڕیوە و چەندین پڕۆژەی پۆنت و بەربەستی خاکی لە شوێنی جیاجیا لەهەرێمی کوردستان لەژێر ئەنجامدانن.

*** ئێستا لە هەرێمی کوردستان چەند بەنداو لە قۆناغی جێبەجێکردندان و چەندیش هەیە کە تەواو کراون؟**

- لەم نزیکانە بە سوپاسەوە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٣٣) ملیار دیناری بۆ تەواوکردنی (١١) بەنداو و بویرێك تەرخان کردووە، کە ئێستا لە هەندێك لەو بەنداوانە کارکردن دەستی پێکردووە، وەك بەنداوی (ئاقوبان و بانوتالەبان و دێوانە و خۆرنەوازان و تورجان و سینەتول و خنس و گەڵی بەنداوە و.. تاد) کە ئەو (١١) بەنداوە لە شوێن و ناوچەی جیاجیای هەرێمی کوردستانن و لە هەوڵی ئەوەشداین کە بەنداوە گەورەکانیش وەك (گۆمەسپان و باسەرە و... تاد) کاریان تێدا بکەینەوە، وەك بەنداوی باوەنور کە ئێستا کارکردن تێیدا دەستی پێکردۆتەوە، بەڵام بەنداوی گۆمەسپان کێشەی تەنیا نەبوونی بودجەیە و کارکردن تێیدا بەردەوامە، بەڵام زۆر سستە، چونکە بەڵێندەر لەسەر حیسابی خۆی کاری تێدا دەکات کە ئیمکانیاتی بەڵێندەرەکەش سنووردارە و ئەو بەنداوە ستراتیژییە و پێویستی بە بودجەی زۆر هەیە کە حکومەتی هەرێمیش لەم کاتەدا توانای ئەو بودجەیەی نییە.

*** لە بواری پڕۆژەی گەورەو ستراتیژیی ئاودێری چیتان کردووە؟**

- لە هەرێمی کوردستان چەندین پڕۆژەی گەورە و ستراتیژی ئاودێریمان لە بەرنامەدایە، وەك پڕۆژەی ئاودێریی هەولێر- شەمامك و هەولێر یەك و دوو و شانەدەر لە سلێمانی و گەرمیان یەك و دوو و لە دهۆك و ئاکرێ کە لە بەنداوی باکرمان ئاوی بۆ دەچێت. لەکاتێکدا ئەو پڕۆژانە تەواوبن کە تەواوکاری پڕۆژەی سەبەتی خۆراکی عێراقین و پێشتر دراسە کراون و پلانیان بۆ دانراوە، بەڵام ئێستا پێویستیان بە دراسەو پلانی تازە هەیە، چونکە کات و سەردەمەکەی گۆڕاوە، لە بەرنامەشدایە کە کاریان لەسەر بکەین، لێرەدا بە نموونە باس لە پڕۆژەی ئاودێری شەمامك و هەولێر یەك و دوو دەکەین، کە پڕۆژەی ئاودێریی شەمامك و گوێرە و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە لای ئەو پڕۆژەی ئاودێرییەی لە دوبز هەیە، کە زۆر گرنگ و کاریگەر دەبێت لەسەر کاری کشتوکاڵی لە ناوچەکەدا، هەولێریش دەکەوێتە نێوان زێی گەورە و زێی بچووك، هەر بۆیە پشت بە ئاوی زێی گەورە دەبەسترێت، کە ئەم پڕۆژەی ئاودێرییە پڕۆژەیەکی عێراقی بووە و پڕۆژەی ئاودێریی شەمامك و هەولێر یەك و دوو دەگرێتەوە، کە ئەم پڕۆژەیە لە دراسەی رووسییەکان بووە لە ساڵی ١٩٧٧ کە بیرۆکەکە و دراسەکە بەو شێوەیەیە کە چەند بەنداوێك لەسەر زێی گەورە دروست بکەن و ئاویش لە زێی بچووك بۆ دەشتی هەولێر کە ناسراوە بە ناوچەکانی مولکیە و سەنییە، بەڵام ئێستا تەنیا پڕۆژەی ئاودێریی شەمامك دەستی پێ کردووە کە ئەم پڕۆژەیە رۆحی سبەتەی خۆراکی عێراق و کوردستانیشە.

**تا ئێستا ١٤ بەنداوی مامناوەند و بچووک دروستکراون و ١٧ بەنداوی دیکەش کە چوار بەنداویان گەورەن لە ژێر جێبەجێکردندان و ٣٠ تا ٤٠ بەنداوی دیکەش دیزاینی بۆ کراوە**

**سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٣٣) ملیار دیناری بۆ تەواوکردنی (١١) بەنداو و بویرێک تەرخان کردووە، کە ئێستا لە هەندێک لەو بەنداوانە کارکردن دەستی پێکردووە**



**شێخ ئاراس ڕەئووف**

بەڕێوەبەری گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ گوڵان:

# لە کوردستان ٣٧٠٠ کارگە هەن و ٥٠ هەزار هەلی کاریان دابین کردووە

کارگەکان لەهەرێمی کوردستاندا بە هۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی گشتگیرو ژێرخانێکی دواکەوتوو ڕێگر بووە لە بەردەم گەشەکردن و پەرەپێدانی ئەم بوارە گرنگەی ئابووری. ئەمە لەکاتێکدا هەرێمی کوردستان توانای گەشەی پیشەسازیی هەیە، بەتایبەتی لە رووی کەرەستەی خاو و هێزی کاری جێگیر و بوونی نەوت و وزەو سەرچاوەی جیاجیای سووتەمەنی. لەگەڵ ئەمەشدا لەکۆی ٣٧٠٠ کارگە کە ئێستا لە کوردستاندا هەن، ڕێژەیەکی کەمی ئەم ژمارەیە کە لە ١٠٪ تێپەڕ ناکات، بە کارگەی گەورە پۆلێن دەکرێن، ئەمە وێڕای ئەوەی ٢ هەزارو ٦٦ کارگە داخراون. یاسای وەبەرهێنان کە لەساڵی ٢٠٠٦ دەرچوو، نەیتوانی بە هاوشێوەی کەرتەکانی دیکەی خانووبەرەو بازرگانی و گەشتیاری هانی وەبەرهێنەرانی ناوخۆو بیانی بدات بۆ رووکردنە دروستکردنی کارگەو کارخانەکان، بە رادەیەك تا کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٢ تەنیا بە ڕێژەی ١٧,١٠٪ سەرمایەگوزاریی لەکەرتی پیشەسازیدا کراوە، ئەم ڕێژەیەش زۆربەی بەسەر کارگەکانی چیمەنتۆو ئاسن دابەش بووە، شارەزایانی ئابووری پێیان وایە گرنگترینی ئەو بەربەستانەی کە بوونەتە هۆی ڕێگرتن لەپەرەپێدانی کارگەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمی ناوخۆیی بریتین لە:(ژێرخانێکی دواکەوتوو، نەگونجاویی دابینکردنی ئاوو کارەبا، کەموکوڕیی کۆگا و شوێنی پێویستی ساردکەرەوە بەتایبەتی بۆ بەروبومە



# ئەگەر یاسای ژمارە ١١ی ٢٠١٠ لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، چیتر پرۆژەو کارگە بچووک و مامناوەندەکان تووشی گرفتی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی نابن

کشتوکاڵییەکان، خراپیی یاسای وەبەرهێنان،— کەمی و نەبوونی شارەزایی و توانای هونەریی و تەکنیکی، زۆر پشت بەستن بە هاوردەکردنی کاڵا و خۆراك و پێداویستییەکان، خراپی و لاوازیی سیستەمی بانکی و داراییەکان)، زیانەکانی گرنگینەدان بە کەرتی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی نەك ناسەقامگیری بۆ بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان دروست کردووە، بەڵکو زیانی گەورەی بە داهات و ئابووری و داراییش گەیاندووە. لە کاتێکدا ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لەزیادبووندایە و ژمارەیەکی زۆری ئاوارەو پەناهەندە و تەنانەت گەشتیارانیش روویان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان کردووە، کەچی ئەمە نەبووەتە هۆی بەدەستهێنانی داهاتێکی باش، چونکە زیاتر لە ٩٠٪ی کاڵاو شمەکە ناوخۆییەکانی کوردستان لە دەرەوەی سنوورەکان دێن و بەکارهێنەرو بەکاربەران سوود دەگەیەنن بە بەرهەمهێنە سەرەکییەکە و بازرگانەکانی ئەو وڵاتانە و دواتر بازرگان و کاسبکاری خۆمان ڕێژەیەکی زۆر کەمیان بەردەکەوێت، ئەو ٣٧٠٠ کارگەیەش کە لەکوردستاندا هەن، زۆر کەمن ئەگەر بەراوردی بکەین بە ٣٠ هەزارو ٢٠٠ کۆمپانیا کە ٢٧هەزاریان خۆماڵین و ٣٣٥٠ ی دیکەیان بیانین. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شێخ ئاراس رەئووف بەڕێوەبەری گشتیی گەشەپێدانی پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان کرد.

*** لەدوای ٢٠٠٣وە کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان گەشەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی، دواتر بە هۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانرا بەردەوامی بەم گەشەیە بدرێت، ئایا لەکاتێکدا هەموو وڵاتانی جیهان بە دۆخی نائارامی و قەیراندا تێپەڕ دەبن، بۆچی لێرە بەو شێوە مەترسیدارە قەیرانەکە کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کارگەکان هەبوو؟**

- لەدوای کەوتنی ڕژێمی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣ کەرتی پیشەسازی بەگشتی و کارگەکانی ناوخۆ بەتایبەتی بە شێوەیەکی زۆر خێراو گەورە گەشەی بەخۆوە بینی، پێشتر لەسەرانسەری هەرێمی کوردستان تەنیا ٧٠٠ کارگەمان هەبوو، لەدوای ٢٠٠٣وە ژینگەی وەبەرهێنان لەسەرجەم کەرتەکان و لەناویشیاندا کەرتی پیشەسازی لەبار بوو، خەڵك و سەرمایەدارو بیزنسکاران هەستیان بەئارامی و سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و دارایی دەکرد، هەمووتان دەزانن کە مەرجی سەرەکی بۆ بەگەڕخستنی سەرمایە لە هەموو سێکتەرەکان بەتایبەتی لە کەرتی کارگە و پیشەسازی پێویستی بە زەمینە و ژینگەیەکی لەبار هەیە هەربۆیە تەنیا لەماوەی چوار ساڵدا ئەم ژمارەیەی کارگەکان بەرزبوونەوە بۆ ٢٦٠٠ کارگە تا وای لێهات لە ٢٠١٠ گەیشتە سنووری ٣٠٠٠ کارگەو گەشەکردنەکەش بەردەوام بوو تا ساڵی ٢٠١٤، لەو ساڵەدا کۆمەڵێك تەحەدداو مەترسیی گەورە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەوە کە تا ئێستاش شوێنەوارەکانی بەسەر ئابووری و دارایی و کەرتەکانەوە دیارو لەبەرچاوە، شەڕی داعش و دابەزینی بەهای نەوت و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەو بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان هەمووی کۆمەڵە هۆکارێکی کەوتنەوەی قەیرانێکی سەختی جەرگبڕ بوون. بەڵام ئەوەی کە لێرەدا وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە دەداتەوە، ئەو سیاسەتە چەوت و دژایەتیکردنە بوو کە لە زەمەنی عەبادی بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو کرا، کە ئامانج لێی دارمان و داڕووخانی ئابووری و پیشەسازی و گەشەی هەرێمی کوردستان بوو، دانانی بازگەکانی گومرك و خەراج زیانی کوشندەی لە کارگەکانی کوردستان دا، چونکە ڕژێمی عێراق هەڵسا بە دانانی بازگەی گومرکی لەنێوان شارەکانی کوردستان و مووسڵ و شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا، بەمەش هەرچی بەرهەمی ئەو کارگانەی ناوخۆی هەرێمە کە پشتیان بە بازاڕەکانی عێراق بەستبوو بۆ ساخکردنەوەی کاڵاکانیان، زیانی گەورەیان بەرکەوت و زۆربەیان لە بەرهەمهێنان راوەستان، کارگەی کەمالیاتمان هەبوو تەنیا لە لۆرییەك باری کەمالیات ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ دۆلاریان گومرگ لێ وەردەگرت، ئەمەش وایکرد کارگەکانمان بەرەو پووکانەوەو داخستن رۆشتن، هەڵبەتە لەناوخۆشدا قەیرانی دارایی سەخت دروست بوو، کە وایکرد بازاڕەکانی ناوخۆش روو لە بێبازاڕی بکەن .

*** بەڵام دواتر دوای هێوربوونەوەی دۆخەکە و لێکتێگەیشتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق ئەو بازگانە هەڵگیران و شوێنەوارەکانی قەیرانەکەش وردە وردە کۆتاییان هات، ئایا ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر دووبارە بووژانەوەی بەرهەمی ناوخۆیی و زیادبوونی ژمارەی کارگەکان؟**

- دوای دانوستاندن و گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ ئەنجومەنی ئابووریی عێراق و بە ئامادەبوونی چەند وەزیرێکی هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان توانرا داواکارییەکی زۆر پێشکەشی جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگرو بەرپرسانی پەیوەندیدار بکەین، ئەو کات بەغدا پاساوی هێنابووەوە بەوەی ئێمە بە یاسای کۆن کاردەکەین و ئەوان ناتوانن ئیمتیازاتمان بدەنێ، چونکە ئێمە بە یاسای ٢٥ی ساڵی ١٩٩١ کارمان دەکرد؛ وتمان بەڵکو وابکەن بەیاسای ژمارە ٢٠ی ١٩٩٨ کاربکەین، ئەوەبوو یاساکە بڕیاری لێدرا لە ئەنجومەنی ئابووری بەوەی کاری پێ بکەین، هەروەها داوامان کرد پارێزگاری لە بەرهەمی ناوخۆ بکەن، ئەوە بوو بۆ پارێزگاریی بەرهەمەکەش دەسەڵاتیان دایە دەستی جەنابی وەزیر، دوای ئەم دوو هەنگاوە کە فاکتەرێکی سەرەکی و رۆڵی زۆر ئەرێنی هەبوو، وایکرد ٥٠٪ی کارگەکانی ناوخۆ بکەونەوە کار، چونکە لە ٧٠٪ی کارگەکانی کوردستان بەرهەمەکانیان لەناوەڕاست و خوارووی عێراق ساخ دەکەنەوە، ئێستا رۆژ لەدوای رۆژ کێرف و ژمارەی دامەزراندنی کارگەکانی

> **شەڕی داعش و دابەزینی بەهای نەوت و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەو بڕینی بودجەی هەرێمی کوردستان هەمووی کۆمەڵە هۆکارێکی کەوتنەوەی قەیرانێکی سەختی جەرگبڕ بوون**

> **ئەو سیاسەتە چەوت و دژایەتیکردنە کە لە زەمەنی عەبادی بەرامبەر هەرێمی کوردستان پەیڕەو کرا، ئامانج لێی دارمان و داڕووخانی ئابووری و پیشەسازی و گەشەی هەرێمی کوردستان بوو**

> **دانانی خاڵی گومرک وایکرد کارگەکانمان بەرەو پووکانەوەو داخستن بڕۆن، کارگەی کەمالیاتمان هەبوو تەنیا لە لۆرییەک باری کەمالیات ١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠ دۆلاریان گومرگ لێ وەردەگرت**

ناوخۆ بەرەو سەرەوە دەچێت، بەسوپاسەوە ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە ڕۆڵێکی باشیان لە ئامادەکردنی داتاو ژمارەی ڕاستەقینەی کارگەکان بینیوە. لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاماردا لێژنەیەکی تایبەتمان دامەزراندووە کە کۆتا ژمارەی کارگەکانی ناوخۆ لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا گەیشتۆتە ٣٧٠٠ کارگە.

*** ڕەنگە لە ڕوویێوی و هەڵسەنگاندنی گەشەی کارگەکان تەنیا ژمارەی کارگەکان بەس نەبن، بەڵکو پۆلێن و قەبارەی بەرهەم و گەورەیی و بچووکی کارگەکانیش پێویست بێت، ئایا دەتوانین بڵێین گەشەی ئێستای کارگەکان لەئاست خواست و ویستی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیدایە؟**

- ئەو ٣٧٠٠ کارگەیەی ناوخۆ پۆلێن کراون بە سەر کارگەکانی (بیناسازی، خۆراکی، کیمیایی، چیمەنتۆ، ئاسن، پلاستیك، کارەبایی) و بەو شێوەیە باشبوونی پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی ئەم کارگەیانە و دامەزراندنی کارگەی نوێ هەبووە، چونکە وەکو ئاماژەم پێدا زیاتر لە ٧٠٪ی بەرهەمەکانی ٣٧٠٠ کارگەی هەرێم بۆ بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەچێت، ئەمەش داهاتێکی باشە بۆ هەرێمی کوردستان و بەدەستهێنانی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچووانی زانکۆگان کە ئێستا لە سنووری ٥٠ هەزار هەلی کار لەناو ئەم کارگانە دابین کراوە، بەڵام هێشتا ئەمەی بەدەستهاتووە لەئاست خواست و ویستی ئێمەدا نییە و وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ئامانجی زۆر لەمە گەورەتری هەیە، ئێمە ئێستا هەنگاو بەرەو گەیشتن بەخاڵی وەرچەرخان دەنێین.

*** مەبەست لەخاڵی وەرچەرخان چییە؟ ئایا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانەوە پلان و بەرنامەی داڕشتووە بۆ چۆنیەتی پێشخستن و پەرەپێدان بە کارگەو بەرهەمی ناوخۆیی، بەتایبەتی لەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟**

- مەبەست لە خاڵی وەرچەرخان دروستکردنی ژینگەیەکی لەبارە وەکو هەر سێکتەرێکی دیکە، ئەگەر ئەم خاڵە دروست نەکەین، ناتوانین پلان و بەرنامەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی جێبەجێ بکەین و بیزنسکار و سەرمایەدار و وەبەرهێنەر روو لە کەرتی پیشەسازی بکەن، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە پلانێکی هاوبەشە لەگەڵ سەرجەم وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ئێستا پاکێجێك لای جەنابی وەزیرە، تاوەکو بتوانێت لە ئەنجومەنی وەزیران بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی کاری پێ بکرێت، چونکە پلانی ستراتیژیی گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی و پەرەپێدانی کارگەکان هیممەتی سەرجەم وەزارەتەکانی دەوێت، بەوەی داتایەکی ڕاست و دروست بکەین و کەرتی پیشەسازی ڕێك بخەینەوە .

*** ئایا یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە دامەزراندنی کارگەو مامەڵەکردن لەگەڵ کەرتی پیشەسازی پێویستی بە گۆڕانکاری نییە؟ هەروەهاتا چەند بە پێویستی دەزانن لەم خولەی پەرلەمان زۆرترین یاسا و ڕێسا هەموار بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەخزمەتی پەرەپێداندا بێت؟**

- بەڵێ، پێویستمان بەوە هەیە چاوخشاندنەوە بە زۆربەی یاسا و ڕێساکاندا بکەینەوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك لەگەڵ لێژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمانی کوردستان دانیشتووین و ڕەشنووسی هەموو ئەو یاسایانەمان ئامادەیە و ڕاوێژکارێکمان هەیە، ئەبدێتی هەموو ئەو داتاو یاسایانەی کردووە و، یاساکانمان یاسای پەرەپێدانە کە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئیقراری پێ بکرێت و پەسەند بکرێت. لەلایەکی دیکەوە یاسایەك کە زۆر گرنگەو دەبێت هەموو کۆمەڵگەیەك کاری پێ بکات، «یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی»یە، ئێمەش یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی ژمارە ١١ی ٢٠١٠مان هەیە و ئەبدێت کراوەو نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت، ئومێدەوارم لە ئەمساڵدا سەرجەم ئەو یاسایانە تەواو بێت و لەناویشیاندا یاسای ناوچە پیشەسازییەکان و یاسای پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری و یاسای کاروباری کۆمەڵایەتی و چەندین یاسا و بڕگە و ماددەی دیکە، بۆ نموونە بەپێی یاسای کاروباری کۆمەڵایەتی هەر هاوڵاتییەك لەکارگەی ئەهلی کار بکات، پێویستە ئەو

**ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێمە ڕۆڵێکی باشیان لە ئامادەکردنی داتاو ژمارەی ڕاستەقینەی کارگەکان بینیوە**

**زیاتر لە ٧٠٪ی بەرهەمەکانی ٣٧٠٠ کارگەی هەرێم بۆ بازاڕەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەچێت**

**پلانی ستراتیژیی گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی و پەرەپێدانی کارگەکان هیممەتی سەرجەم وەزارەتەکانی دەوێت، بەوەی داتایەکی ڕاست و دروست بکەین و کەرتی پیشەسازی ڕێك بخەینەوە**



**یاسایەک کە زۆر گرنگەو دەبێت هەموو کۆمەڵگەیەک کاری پێ بکات، «یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی»یە، ئێمەش یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی ژمارە ١١ی ٢٠١٠مان هەیە و ئەبدێت کراوەو نێردراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و لەوێ ئاراستەی پەرلەمان دەکرێت**

ئیمتیازاتانەی بدرێتێ کە پارەی لێ دەبڕێت. هەروەها یاسای ناوچە پیشەسازییەکان گرنگی زۆری هەیە، چونکە کوردستان پێویستی بە ناوچەی پیشەسازیی مۆدێڕن هەیە و ئێمە چەند ناوچەیەکی پیشەسازیمان هەیە کە ژێرخانەکەی زۆر لاوازە، ئەمە وێڕای ئەوەی کە پێگەیاندنی کادیر و کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنان و دانانی سەنتەری کۆکردنەوەی زانیاریی پیشەسازی کە سەرجەم زانیاریی و داتاکانی وەزارەت و وەبەرهێنان و ژووری بازرگانی و پیشەسازیی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئاماری لەخۆگرتبێت، داتای ڕاست و دروست وا دەکات، ئێمە بەرەو پلانێکی ڕاست و دروست هەنگاو بنێین.

*** وەکو وەزارەت تا چەند هەنگاوتان ناوە بەرەو بووژانەوەی پڕۆژەی بچووك کە لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت و ژمارەیەکی زۆری هەلی کاریش لەخۆدەگرێت؟**

- ئەگەر یاسای ژمارە ١١ی ٢٠١٠ لە پەرلەمان پەسەند بکرێت، ئەوا بێگومان چیتر پڕۆژە و کارگە بچووك و مامناوەندەکانمان تووشی گرفتی کێبڕکێی بەرهەمی بیانی نابن، لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەکو وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی و سێکتەری پیشەسازی بەڕێوەبەرایەتیەکمان نوێ کردۆتەوە کە پێی دەوترێت: «بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی»، لەو کەناڵەوە خاوەن کارگەکان



دێـن و فۆڕمیـان دەدەینـێ و پـڕی دەکەنـەوە و سـەردانی کارگەکانیـان دەکەیـن، ئەگـەر هـەر کاڵاو بەرهەمێکیـان بـە ڕێـژەی لـە ٪۲٥ پلانـی عێـراق پـڕ بکاتـەوە، یاسـاکە دەیگرێتـەوە و بەرهەمەکـەی دەپارێزیـن، تـا ئێسـتا ۷۸ کاڵا پاراسـتنی بەرهەمـی خۆماڵـی بـۆ پڕکراوەتـەوە، لـە کارگـەی شیش و گـەچ و چیمەنتۆ و ئـارد کـە تـا رادەیـەك ژینگەیەکـی گونجاویـان بـۆ دروسـتکراوە تاوەکـو گەشـە بکـەن.

*** هەرێمـی کوردسـتان پێگەیەکـی لەبـاری هەیـە بـۆ گەشـەی کشـتوکاڵ، ئایـا تـا چەنـد هەماهەنگیتـان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ هەیە بـۆ پەرەپێدانـی پیشەسـازیی خۆراکـی؟**

- کشـتوکاڵ و پیشەسـازی سـەرەڕای ئـەوەی دوو سێکتەری گەشـەپێدانی ئابووریـن لـە هەرێمی کوردستان، ژینگـەو بازاڕێکی لەباریش هەیە بۆ گەشـەپێدانی پیشەسـازیی خۆراکـی، لەمبارەیـەوە لەگـەڵ وەزارەتـی کشـتوکاڵ کار بۆ ئـەوە دەکەیـن پلانێکـی ٥-١٠ سـاڵی دابڕێژیـن بـۆ پێشخسـتنی هـەردوو بوارەکـە ئێسـتا کار لەسـەر ئـەم ئامانجـە دەکەیـن تاوەکو چیتر پشت بـە کەرتـی بازرگانـی نەبەستریت، مـن تێبینییەکم هەیە بـەوەی بازرگان کاڵاو شـمەك دەهێنێـت و راسـتەوخۆ سـاخی دەکاتـەوە، گـوێ بـەوە نـادات ئابـووری و دارایـی وڵات گەشە بکات و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان بدوزرێتـەوە، بـەڵام پیشەسـازیکار بەپێچەوانـەوە ئابـووری و داهاتـی وڵات دەبووژێنێتـەوە و ئەوەندە پاشـکەوتەی ئابووریـی وڵاتانیـش نابیـن.

**بازرگان کاڵاو شمەک دەهێنێت و ڕاستەوخۆ ساخی دەکاتەوە، گوێ بەوە نادات ئابووری و دارایی وڵات گەشە بکات و هەلی کار بۆ گەنجەکانمان بدوزرێتەوە، بەڵام پیشەسازیکار بە پێچەوانەوە ئابووری و داهاتی وڵات دەبووژێنێتەوە**

# سێ ڕووداو، سێ وانە و پەند

ڕووداوەکان هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان و بگرە زیاتریش ڕوودەدەن و چەند بارەش دەبنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە بریتییە لە سوودوەرگرتن لە ئەنجامی ئەو ڕووداوانە.

ڕووداوەکان لەوانەیە بەسەر خۆمان، یان بەسەر کەسانی دیکەدا هاتبن، لەوانەشە بیستبێتمان، یان بینیبێتمان، یان خوێندبێتمانەوە، لە هەموو بارەکانیشدا هەر مەبەست سوودوەرگرتنە لە خودی ئەو ڕووداوانە.

ڕووداوی یەکەم: بەڕێوەبەری کۆمپانیایەك زۆر خێرا حوکمی لەسەر هەڵسوکەوتی فەرمانبەرەکانی دەدا، ڕۆژێکیان لە ڕێڕەوی نێوان ژوورەکاندا بینی کەسێك وەستاوە، بۆیە بەڕێوەبەر لێی چووە پێش و گوتی: تۆ مووچەی مانگانەت چەندە؟

پیاوەکە گوتی: دوو سەد دۆلار.

بەڕێوەبەرەکە گوتی: بگرە ئەوە دووسەد دۆلار، بەڵام جارێکی دیکە لەم کۆمپانیایەدا نەتبینم، ئینجا ڕووی کردە فەرمانبەرەکانی دیکەو گوتی: ئەوە سزای هەر کەسێکە کە لە کاتی دەوامدا لە ژووری خۆی نەبێت و بێتە دەرەوە.

یەکێك لە فەرمانبەرەکان گوتی: جەنابی بەڕێوەبەر ئەو پیاوەی دووسەد دۆلارەکەت پێدا، کارمەندی ئێمە نەبوو، ئەوە پیتزای بۆ هێنابووین و پارەکەشی وەرگرتبوو، بەڵام وەستابوو چاوەڕێی وەسڵی گەیاندنەکەی دەکرد.

پەندێك لەم ڕووداوە ئەوەیە کە: توورەبوون و کاردانەوەی خێراو بێ ڕاوێژ، زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێت.

ڕووداوی دووەم: سێ کەس چوون بۆ دامەزراندن لە کۆمپانیایەك، بەرپرسی لیژنەی دامەزراندن بەم پرسیارە تاقیی کردنەوە: ئایا ڕاستە دوو کۆ دوو دەکاتە پێنج؟

یەکەم گوتی: بەڵێ دەکاتە پێنج.

دووەم گوتی: ئەگەر یەکی بخەینە سەر، بەڵێ دەکاتە پێنج.

سێیەم گوتی: نەخێر دەکاتە چوار.

بۆ ڕۆژی دواتر یەکەم و دووەم دامەزران، بەڵام سێیەم وەرنەگیرا.

یاریدەدەری بەرپرسی لیژنە گوتی: قوربان ئەمە چۆن وای لێهات؟

بەرپرسی لیژنە گوتی: کەسی یەکەم درۆزنە



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

و دەشزانێت درۆ دەکات، بەڵام ئەم جۆرە کەسە پێویستن بۆ من.

کەسی دووەم زیرەکە و دەزانێت شتێك کە ڕاست نییە، بەڵام لێت ناکات بە هەرا، ئەم جۆرەش پێویستن.

کەسی سێیەم: ڕاستگۆیە و لە ئاست شتی ناڕاست و درۆ بێدەنگ نابێت، ئەم جۆرە کەسە ماندووت دەکات.

ئینجا بەرپرسی لیژنە بە یاریدەرەکەی خۆی گوت: باشە با لە تۆش بپرسم دوو کۆ دوو دەکاتە پێنج؟

یاریدەدەر گوتی: قوربان کەسی وەك من چۆن دەتوانێت وەڵامی پرسیاری پیاوی وەك جەنابتان بداتەوە؟

بەرپرسی لیژنە گوتی: تۆش لە جۆری مرۆڤی دووڕووی، ئەم جۆرەش خۆشەویستن لای من.

پەندێك لەم ڕووداوە ئەوەیە کە: بەداخەوە زۆرجار مرۆڤی ڕاستگۆ، لە هەندێك کات و لە هەندێك شوێندا باجی ڕاستگۆیی خۆی دەدات.

ڕووداوی سێیەم: ڕاهێنەرەکە باڵۆنیکی دایە دەستی هەریەك لە ئامادەبووانی خولەکەو گوتی: لەماوەی یەك خولەکدا فووی تێ بکەن و پڕ لە هەوای بکەن.

پاش ئەوەی هەموویان ئەم کارەیان ئەنجامدا، ڕاهێنەرەکە گوتی: خەڵاتێك دەدەم بەو کەسەی زۆرترین ماوە باڵۆنە پڕ هەواکەی بە دەستەوە مابێت.

ئامادەبووان لە پێناوی خەڵاتەکە کەوتنە پەلاماردانی باڵۆنەکانی یەکتر و تەقاندیان، تا هیچ کەسیان باڵۆنی پڕهەوای بە دەستەوە نەما، جگە لە یەکێکیان نەبێت کە بەخۆی و باڵۆنەکەیەوە لە دوورەوە وەستابوو و خەڵاتەکەی بردەوە.

ڕاهێنەرەکە گوتی: ئەگەر لە ناوەڕۆکی قسەکەی من گەیشتبان، خەڵاتەکە بۆ هەمووتان دەبوو، من گوتم خەڵات بۆ هەر کەسێك کە باڵۆنەکەی بە پڕی بەدەستەوە بێت، من نەمگوت کێ دەتوانێت باڵۆنی ئەوانی دی بتەقێنێت.

پەندێك لەم چیرۆکە ئەوەیە کە زۆرن ئەو کەسانەی وادەزانن سەرکەوتنی ئەوان بە دۆڕاندنی خەڵکی دیکە دێتە ئەنجام.